تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5894) سێ شەممە 17ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەمڕۆ سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لە بارەی پرۆژەیاسای چاکسازی کۆدەبنەوە

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، ئەمڕۆ سێشەممە 17ی12ی 2019سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لە بارەی پرۆژەیاسای چاکسازی کۆدەبنەوە. شوان زراری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی راگەیاند، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە سەرۆکایەتیی حکوومەت، پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە.

رووندیشی کردەوە کە کۆبوونەوەکە لە بارەی پرۆژەیاسای چاکسازییە و ئامانج لێی دروستکردنی کۆدەنگییە تاوەکوو لە ماوەیەکی نزیکدا پرۆژەیاساکە پەسەند بکرێت. جێی باسە دوێنێ دووشەممە 16ی12ی2019 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و دەرمالّە و خانەنشینی کردو بە دەنگی 85 ئەندامی پەرلەمان، سیفەتی بەپەلە بە پرۆژەیاساکە درا.

74 ساڵیادی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

ئەمڕۆ بە شکۆداربییەوە یادی 74 ساڵەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکرێتەوە، کە لە ڕۆژی 1945/12/17 کە بەسەرۆکایەتی پێشەوای قازی محەمەد و ژێنەراڵ بارزانی هەڵکرا.




نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە باڵیۆزی بەریتانیا دەکات

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە باڵیۆزی تازەی بەریتانیا لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها ویستی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا دووپات کردەوە.

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2019/12/16 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ستیفن هیکی، باڵیۆزی تازەی بەریتانیا لە عێراق دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکان و پێشبینیی ئایندەی پرۆسەی سیاسییان لە ولاّت تاوتوێ کرد.

پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی داعش لە چەند ناوچەیەکی عێراق و پێویستیی بەردەوامیی هاریکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبونەوەی، دۆخی سووریا و ناوچەکە بەگشتی، چەند تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق دەکات

دوێنێ دووشەممە 2019/12/16 مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئۆلریک شانۆن باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزباییی لە باڵیۆز شانۆن کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکەکەیدا. باڵیۆزی کەنەدا ئامادەیی ولاّتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەتایبەتیش سوود وەرگرتن لە ئەزموونی فیدراڵی کەنەدا.

عێراق دەکەوێتە بۆشایی یاسایی و دەستوورییەوە

سائیروون: لە دژی هەر کاندیدێکی سەرۆکوەزیرانین کە پرۆژەی پارتە سیاسییەکان بێت

لایەنە شیعەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ شکست دێنن



پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 1ی دیسەمبەری ئەمساڵ، دەنگی لە سەر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دا. دواتر پەرلەمان داوای لە سەرۆککۆماری عێراق کرد، کە کەسێک بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی بناسێنێت. سەرەڕای بەردەوامی هەوڵەکان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە هاوپەیمانی فەتح ڕایگەیاند، لایەنەکان ئەستەمە، کە بتوانن لە سەر کەسێکی دیاریکراو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بگەنە ڕێککەوتن. لەلایەکی دیکەوە، ناوهێنانی محەممەد شیاع سودانی بۆ پرکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە پاش دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی نارەزایەتی چەند پارتێکی سیاسی شیعی لێکەوتەوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

شارەوانیی هەولێر:

سبەی دوا قۆناغی شەقامی خێرایی 120 مەتری هەولێر بەڕووی هاووڵاتییاندا دەکرێتەوە

لەراگەیاندراوێکدا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ سێشەممە 17ی 12ی 2019 لە مەڕاسیمێکی شایستەدا، دواقۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی شەقامی 120م خێرا ڕادەگەیندرێت و بۆ ڕۆژی دواتر بەڕووی هاووڵاتیان دەکرێتەوە. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

هەر لایەنێک لە دژی پرۆژەیاسای چاکسازی بوەستێتەوە ئاشکرای دەکەین

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، فراکسیۆنەکەیان تەنیا بە پێداگری لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای چاکسازی ناوەستێت. هۆشداریش بە هەر لایەنێک دەدات کە دژی پرۆژەیاساکە بوەستێتەوە. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، دوێنێ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای چاکسازی کرا و لێکتێگەیشتنێکی باش لەنێوان فراکسیۆنەکان بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەکە هەیە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پەرلەمانتارێکی پارتی: مەرجمان بۆ ئەو کەسە هەیە کە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، ئەوان چەند مەرجێکیان بۆ ئەو کەسە هەیە کە لە جێگەی عادل عەبدولمەهدی، پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەردەگرێت. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



تاریق حەرب: چۆڵبوونی شوێنی سەرۆک وەزیران لەدەستووری عێراقدا نییە

پسپۆڕێکی یاسایی ئاماژە بۆ هۆکاری سپاردنی کوتلەی گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ جێگای عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق دەکات و دەڵێ سەرۆک کۆماری عێراق بەناچاری داوای لەکوتلەی گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی یوسف قازی

سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی کۆچی دوایی (یوسف قازی)، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی خانەوادەی قازی و تەواوی دانیشتوانی شاری مەهاباد دەکات.

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بۆ خانەوادەی بەڕێزی قازی لە مەهاباد

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک یوسف قازی - مان پێگەیشت و خەمباری کردین. لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەتان و تەواوی هاوڕێیانی کاک یوسف و خەڵکی خۆشەویستی مەهاباد دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە داوا دەکەم گیانی کاک یوسف بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و دڵنەواییش بەهەموولایەک ببەخشێت .

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
16ی 12ی 2019

ئاسایشی گشتیی هەولێر:

ئەندامانی کۆمەڵ لە هەولێر ئەشکەنجە نەدراون

دوێنێ دووشەمە 2019/12/16 بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی هەولێر، ڕوونکردنەوەکەی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە و خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە لەوەی کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بەجێ دەگەیەنن.

ڕوونکردنەوەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی هەولێردا هاتووە: دوای بەدواداچوونمان لەسەر قسەکانی محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بنەماکانی مافی مرۆڤ بەجێ دەگەیەنن. لە ڕوونکردنەوەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی هەولێردا هاتووە: دوای بەدواداچوونمان لەسەر قسەکانی محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بە لێدان و ئەشکەنجەدانی ئەندامانیان لە ئاسایش و دوای پەیوەندیکردن بە خودی بەڕێزیان، دەرکەوت کە ئەو حاڵەتانەی باسی کردووە لە هەولێر ڕوویان نەداوە و سایتی خەندان بە مەبەست ئەمەی باس کردووە کە ڕووداوەکە لە هەولێر بووە و وڕووژاندنی ئەم بابەتەش مەبەستدار بووە. هەر لە ڕوونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە: سایتی خەندان دەبوایە ڕەچاوی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بکردبایە و پێش بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە بەم شێوازە، ڕای بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایش/هەولێری وەربگرتبایە.

ئاسایشی هەولێر خەڵکی کوردستان ئاگادار و دڵنیا دەکاتەوە "هاوتەریب لەگەڵ پاراستنی خەڵک و خاکی هەرێمی کوردستان، کارەکانمان لە چوارچێوەی یاسا و بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بەجێ دەگەیەنین".

ڕاوێژکارێکی سەرکۆماری عێراق:

محەمەد شەیاع سوودانی چانسی زیاترە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران

لەم قۆناغەدا ئەو شەقامە تووڕەییەی لە بەغدایە وا بەئاسانی هێور نابێتەوە

ڕاوێژکاری سەرکۆماری عێراق، عەلی کەریم ڕایگەیاند کە تا ئێستاش کۆبوونەوە و گفتوگۆکان لە کۆشکی کۆماریی بەردەوامە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران. عەلی کەریم لە لێدوانێکدا گوتی: تا ئێستا شەقام بەردەوامە لە خۆپیشاندان، لەناو کۆشکی کۆماریش گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق بەردەوامە، هێز و لایەنەکان بە سەربەرشتی سەرکۆماری عێراق لە گفتوگۆدان، سەرەڕای ئەوەی چەند ناوێک هاتووەتە پێش، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن لەسەر کەسێک کە کۆدەنگی نیشتمانیی لەسەر بێت.



ڕاوێژکاری سەرکۆماری عێراق، عەلی کەریم ئاشکرایشی دەکات کە ئەگەرچی چەند ناوێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران عێراق لە میدیاکانەوە باس دەکرێت، بەڵام محەمەد شەیاع سوودانی ئەگەری زۆرە ئەو پۆستە وەرگرێت و گوتی: تا ئێستا چەند ناوێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە میدیاکانەوە هاتوون لەوانەیش، محەمەد شەیاع سوودانی، ئیبراهیم بەحر علوم و عەلی شوکری، بەڵام هیچ ناوێک کۆدەنگی نیشتمانیی لەسەر نییە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا چانسی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراقی زیاترە، محەمەد شەیاع سوودانی-یە و زیاتر ناوی ئەو دێت.

عەلی کەریم لەبارەی هەڵوێستی کورد و بەشداریکردن لە پرۆسەی نوێتی سیاسیی عێراق گوتی: کورد بەدوو ئاست بەشداڕە، یەکەمیان سەرکۆماری عێراق کە کەسێکی کوردە و هەوڵ و گفتوگۆکانی بەردەوامە، ئاستی دووەم لە هەرێمی کوردستانە کە حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێمە و بۆچوونەکانیان لەگەڵ سەرکۆمار نزیکە.

ڕاوێژکاری سەرکۆماری عێراق، عەلی کەریم لەبارەی ئەوەی کە کورد ڤیتۆی لەسەر کێ هەیە و دوای وەرگرتنی پۆستەکەش بارودۆخی شەقام و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان بە چ ئاراستەیەک دەچن گوتی: بڕوا ناکەم لەم قۆناغەدا ئەو شەقامە تووڕەییەی لە بەغدایە وا بەئاسانی هێوربێتەوە چونکە دۆخەکە هاوکێشەی ئیقلیمی و دەولی تێدایە، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق وەردەگرێت، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستووری عێراق بە تەواوی جێبەجێ بکرێت و هەوڵ بدرێت کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.

پەرلەمانتارێکی پارتی:

مەرجمان بۆ ئەو کەسە هەیە کە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، ئەوان چەند مەرجێکیان بۆ ئەو کەسە هەیە کە لە جێگەی عادل عەبدولمەهدی، پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەردەگرێت.

شێروان دووبەردانی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ناوی محەمەد شیاع سوودانی و چەند ناوێکی دیکەش دەهێندرێن، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا سەرکۆمار کەسێک ڕاسپێرێت و دواتریش بنێردرێتە پەرلەمان.

ئەوەشی نەشارددەوە کە ڕاسپاردنی هەر کەسێک ئاسان نییە، چونکە خۆپیشاندەرانی عێراقی محەمەد شیاع سوودانی و چەندان کەسی دیکەیان ڕەت کردووەتەوە.

لە بارەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاشکرای کرد کە ئەوان هێڵی سووریان لەسەر هیچ کەسایەتییەک نییە بۆ سەرۆک وەزیران، «ئەوەی گرنگە سێ مەرج جێبەجێ بکات، یەکەم کارکردن بە دەستوور و مافەکانی کوردستان ڕێز لێبگرێت، دووەم پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکانی هەولێر و بەغدا، سێیەمیش ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق جێبەجێ بکات و کێشەی پێشمەرگە چارەسەر بکات». دووپاتیشی کردەوە، «بەبێ ئەم مەرجانە، وەک پەرلەمانتارانی پارتی دەنگ بەو کەسە نادەین کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕادەسپێردرێت».

تاریق حەرب بۆ «خەبات»:

چۆڵبوونی شوێنی سەرۆک وەزیران لە دەستووری عێراقدا نییە

هێشتا نازانرێ کێ کوتلەی گەورەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانە



خەبات/مەریوان نەقشەندی:

پسپۆڕێکی یاسایی ئاماژە بۆ هۆکاری سپاردنی کوتلەی گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ جێگای عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق دەکات و دەڵێ سەرۆک کۆماری عێراق د.بەرهەم ساڵح لەکوتلەی گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران و داوای لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد بۆ دیاریکردنی کەسێک بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی و گوتی سەرۆک کۆمار بەناچاری ئەم بڕیارە ڕاسپاردنەی دەرکردووە دوای ئەوەی هەواڵی ڕەتکردنەوەی محەمەد شیاع سودانی بۆ ڕاسپاردنی بەپێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ڕەتکرایەوە لەناو و دەستوور لەلێدوانێکی تایبەت بەڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستەسەر بڕیاری د.بەهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق بەڕاسپاردنی کوتلەی گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران کرد بۆ دیاریکردنی کەسێک بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی و گوتی سەرۆک کۆمار بەناچاری ئەم بڕیارە ڕاسپاردنەی دەرکردووە دوای ئەوەی هەواڵی ڕەتکردنەوەی محەمەد شیاع سودانی بۆ ڕاسپاردنی بەپێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ڕەتکرایەوە لەناو جەماوەردا، بۆیە د.بەرهەم بۆ دەربازبوون لەبەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغە کە هەندێ تەفسیر دەڵێن سەرۆک کۆمار شوێنی سەرەک وەزیران پڕدەکاتەوە لەکاتی بەتاڵبونی شوێنی سەرەک وەزیران، گوتیشی چۆڵبوونی شوێنی سەرەک وەزیران لەدەستووری عێراقدا نییە تەنها لەو حاڵەتانە دەبێت کە سەرەک وەزیران بمرێت یان شێت بێت یان دەوام نەکات یان رفێنرابێت بەڵام ئەمانە هیچیان لەئارادا نین و عادل عەبدولمەهدی لەژیان دایە، بۆیە د.بەرهەم ساڵح تۆپەکەی خستۆتە ناو گۆڕەپانی ئەنجومەنی نوێنەران و داوای کوتلەی گەورەی کردوە تا کەسێک ڕابسپێرت بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ .بەڵام ئەمەش کێشەی زۆرە چونکە هێشتا نازانرێ کێ کوتلەی گەورەیە لەناو ئەنجومەنی نوێنەران و بەوەش دکتۆر بەرهەم کارەکەی لەخۆی دورخستۆتەوە .



ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتی لە عێراق، بە مەبەستی پێگەیاندنی ئافرەتانی سەرکردە، وۆرکشۆپێکی تایبەتی بۆ 30 ئافرەتی چالاکوان کردەوە.

خێزانەکە تەنیا کچێکی تەمەن یەک ساڵی ڕزگاری بووە

بەسرە.. ژمارەیەک چەکدار پێنج کەسی یەک خێزانیان کوشت

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی عێراق ڕایگەیاند کە لە ئاکامی هەڵکوتانە سەر ماڵێک لە لایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە لە ڕۆژئاوای پارێزگای بەسرە، پێنج کەسی یەک خێزان کوژراون. لەوبارەوە ئەفسەرێک لە پۆلیسی بەسرە بە پلەی ملازمی یەک بۆ ئاژانسەکانی هەواڵی ڕاگەیاندووە: ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵێک لە ناوچەی قیبلە ڕۆژئاوای بەسرە و دەستبەجێ پێنج کەسی خێزانێکیان کوشتووە کە باوک، دایک و سێ منداڵ بوون و تەنها کچێکی تەمەن یەک ساڵی خێزانەکە ڕزگاری بووە. بەگوتەی ئەفسەرەکە، کاربەدەستانی ئەمنی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ڕووداوەکەوە دەستپێکردووە کە تا ئێستا هۆکارەکەی نەزاندراوە.

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/17 ژمارە (5894)

باشتر وایە هەرچی زووترە پڕۆژەیاسای چاکسازی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە

عەدنان موفتی: سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکاندا هەبووە



عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەڵێ، نەک بە تەنیا حزبەکەی، بەڵکوو سەرجەمی لایەنەکان بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا یەک پەیامیان هەیە، ئەویش بە یەکدەنگی مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئێستای عێراقدا بکرێت. هاوکات رۆڵی سەرۆکی هەرێمیش بە ئەرێنی ناو دەبات، بەو پێیەی رۆڵی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکاندا هەبووە.

عەدنان موفتی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاند، بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا، نەک بە تەنیا یەکێتی، بەڵکوو سەرجەمی لایەنەکان بۆ یەک پەیامیان هەیە، ئەویش بە یەکدەنگی مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئێستای عێراقدا بکرێت. هاوکات رۆڵی سەرۆکی هەرێمیش بە ئەرێنی ناو دەبات، بەو پێیەی رۆڵی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکاندا هەبووە.

عەدنان موفتی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاند، بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا، نەک بە تەنیا یەکێتی، بەڵکوو سەرجەمی لایەنەکان بۆ یەک پەیامیان هەیە، ئەویش بە یەکدەنگی مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئێستای عێراقدا بکرێت. هاوکات رۆڵی سەرۆکی هەرێمیش بە ئەرێنی ناو دەبات، بەو پێیەی رۆڵی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکاندا هەبووە.

دەیان هەزار کەس لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاپەڕیون و داواکاریان هەیە، بە لای عەدنان موفتییەوە داواکارییەکانیان ڕەوایە، کە داوای چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و دادپەروەری دەکەن، بۆیە پێی باشە، کە دەبێ هاوکاریان بن، هاوکات هەندێ داواکاریش بۆی هەیە تەوەری دیکە وەربگرێت، کە داوای گۆڕینی دەستوور و پێداچوونەوە بە سیستمی حوکمڕانیدا دەکەن، ئەوەیشی بە جۆرێک لە درزتێکەوتن وێنا کرد، بەو پێیەی زۆرینەی خۆپیشاندەران خەڵکانی سادەن و داواکانیان دیارە، بەڵام لێرە و لەوێ خەڵکانی خراپ چوونەتە نێویانەوە، بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندان بە ئاقارێکی خراپدا.

وەک ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئاماژەی دا، دوای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان، بە پێویستی دەزانێت سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان خۆیان بۆ گفتوگۆی هەموو بواربێک ئامادە بکەن، بە تایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە پێش هەموویانەوە مافە دەستوورییەکان.

ئەو بە پێویستیشی دەزانێت، لایەنە عێراقییەکان بە دەم داواکانی خۆپیشاندەرانەوە بچن و، ئەو داوایانەی کە مافی هاوڵاتیانە و لە چوارچێوەی ماف و چاکسازیدان، پێشوازییان لێ بکرێت و گۆڕانکاریش ئەنجام بدەن، جەختیشی لەوە کردەوە، ئەو ئەقڵییەتەی لە 2003ـەوە ولاّت بەرێوە دەبات و تانیفییەت تێیدا رۆڵی دەبینی، وەلا بنرێت.

سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ لای پارتە کوردستانییەکان لە پێناو دروستکردنی یەکڕیزی و یەکدەنگی، بە لای عەدنان موفتییەوە کارێکی باشە و رۆڵی ئەرێنی لە نزیککردنەوەی لایەنەکان هەبووە، بەو پێیەی هەنگاوی باش بەرەو یەکگوتاری و یەکڕیزی نراوە، ئومێدی بەردەوامیشی هەیە، هاوکات پێیشی باشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەو بەڵێنانەدا بێت، کە بە هاوڵاتیانی داوە، باشترین وایە هەرچی زووترە پڕۆژەیاسای چاکسازی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

هەر لایەنێک لە دژی پڕۆژەیاسای چاکسازی بوەستێتەوە ئاشکرای دەکەین

تەنیا بە پڕۆژەیاسای چاکسازی ناوەستین و پڕۆژەی دیکەشمان بۆ ڕێکخستنی داهات و گومرگ و دەروازە سنوورییەکان دەبێت

بەشێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش پشتیوانیی پڕۆژەی چاکسازی دەکەن



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، فراکسیۆنەکەیان تەنیا بە پێداگری لەسەر تێپەڕاندنی پڕۆژەیاسای چاکسازی ناوەستێت. هۆشداریش بە هەر لایەنێک دەدات کە دژی پڕۆژەیاساکە بوەستێتەوە.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، دوێنێ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای چاکسازی کرا و لێکتێگەیشتنێکی باش لەنێوان فراکسیۆنەکان بۆ تێپەڕاندنی پڕۆژەکە هەیە.

ڕوونیشی کردەوە: «دەبینین و گرنگە ئەو ڕەنگدانەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران هەبووە لە نێوان وەزیرەکانی سەر بە لایەنەکان، لە پەرلەمانیش ڕەنگ بداتەوە، تەنانەت بەشێک لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش پشتیوانیی پڕۆژەی چاکسازی دەکەن».

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی هۆشداری ئەوەشی دا کە هەر لایەنێک دژی پڕۆژەیاسای چاکسازی بوەستێتەوە، ئەوان ئاشکرای دەکەن و ڕایگەیاند: «تێکدانی جەوهەری پڕۆژەیاساکە قەبوڵ ناکەین، بەڵام تێبینی لەسەر وەردەگرین، بەرنامەی ئێمە ئەوەیە کە پێش سەری ساڵ ئەم پڕۆژەیە تێپەڕێنین، چونکە ئەگەر تا ئەو کاتە پەسەندی نەکەین، دەکەوینە نێو پشووی زستانەوە، یان ناچار دەبین ماوەی پشوو کەم بکەینەوە».

ئومێد خۆشناو باسی لەوە کرد کە بەپێی پڕۆژەیاساکە، ئەو پارەیەی بە ناحەق دەدرایە هەندێک کەس، بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێتەوە و بەهۆیەوە دەکرێت زۆر پڕۆژەی خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدرێت. هەروەها لە ئەنجامی پڕۆژەیاساکەدا «بندیوار نامێنێت، دوو مووچە نامێنێت، بە ناحەق کەس بە ناوی وەزیر، بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی وەرناگرێت لە کاتێکدا لە وەزیفەی گشتیش نەبووبێت، لیستەکان پاک دەکرێنەوە».

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاشکرای کرد کە ئەوان هەر بەم پڕۆژەیاسایەی چاکسازی ناوەستن، بەڵکوو «پڕۆژەی گرنگترمان بۆ ڕێکخستنی داهات و گومرگ و دەروازە سنوورییەکان دەبێت کە پێویست بکات چاکسازی تێدا بکرێت، دەمانەوێت بە ژمارە بڵێین چۆن چاکسازیمان کردووە». ڕۆژی چوارشەمە 2019/12/11 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی کۆ بووەوە و پڕۆژەیاسای چاکسازی پەسەندکرد.

ڕۆژی پێنجشەمە 2019/12/12 حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێی ڤالاّ فەرید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان پڕۆژەیاساکەی ناردە پەرلەمان.

فەیسەڵ عەمیری:

سائیرون گەلی سەرپشک کردووە کاندیدێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان بکات

ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فەیسەڵ عەمیری ڕایگەیاند، گەل گەورەترین فراکسیۆنە کە سەرپشکراوە بۆ ئەوەی کاندیدێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان بکات و داواش لە سەرکۆمار بەرهەم ئەحمەد سالح دەکات پابەند بێت بە بڕیاری دادگای فیدراڵ سەبارەت بە دەستنیشانکردنی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران.

فەیسەڵ عەمیری لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە گەورەترین فراکسیۆنی براوەی ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەران نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی سەرکۆمار کردووە بۆ ئەوەی گەل سەرپشک بکات تا کاندیدی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان بکات.

ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی سائیرون، فەیسەڵ عەمیری گوتیشی: بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵ، سائیرون کە لە کۆی 329 کورسی خاوەن 54کورسییە، گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، بۆیە پێویستە لەسەر سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لەوبارەوە پابەندبن، هەروەها سائیرون گەلی سەرپشک کردووە کە کاندیدێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان بکات، ئەگەر فراکسیۆنێکی دیکە لە بری سائیرون بە گەورەترین فراکسیۆن ڕاگەیەندرا، مانای وایە فراکسیۆنەکانی دیکە کاندیدێکی نوێ دەستنیشان دەکەن کە ئەوەیش پێچەوانەی دەستوورە. شایانی باسە یەکشەمە سەرکۆماری عێراق، داوای لە ئەنجوومەنی نوێنەران کردبوو کە گەورەترین فراکسیۆن دەست نیشان بکات بۆ ئەوەی فراکسیۆنەکە ڕاسپێردرێت تا کاندیدێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران پێشکەش بکات.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بۆ پڕۆژە و کارەکانی سلێمانی دەکات

ساسان عەونی: لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کار لەسەر جێبەجێکردنی 100 مەتریی سلێمانی دەکەین





دوێنێ دووشەمە 16ی کانوونی یەکەمی 2019 بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کاروباری فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کار و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هاوواڵتیان، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار و ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی، سەردانی شاری سلێمانی کرد.

سەرەتا سەردانی پارێزگای سلێمانی کرد و لەلایەن دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگار و هەروەها قائیمقام و سەرۆکی شارەوانییە سلێمانی پێشوازیی لێکرا، لە کۆبوونەوەیەکدا وێڕای تاوتوێکردن و بە گرنگ لەقەڵەمدانی هەماهەنگی نێوانیان، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار جەختی کردەوە کە حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی لە ڕێگەی فەرمانگە و دامەزراوەکانییەوە ئەوەی بتوانێت بۆ خزمەتکردنی ئەو شارە دریغی ناکەن و هەموو هەوڵێک دەخرێتەگەڕ بۆ خزمەتکردنی پارێزگای سلێمانی، بە جۆرێک هەموو ناوچەکان سوودمەندی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ ودروستکردن و نۆژەنکردنەوەی شەقام و شۆستەکردن و هەروەها زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و بایەخدانی زیاتر بە جوانکردنی سیمای شاری سلێمانی لە ڕووی گەشتیاری و شوێنەواریەوە.

هەر لە میانەی ئەو سەردانەدا سەردانی سەرۆکایەتیی شارەوانی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار و باخی بەختیاری کرد، دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا سەبارەت بە دروستکردنی پڕۆژەی ستراتیژی شەقامی 100 مەتریی شارەکە ڕایگەیاند: پڕۆژەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکان و خنکانی دەروازەی شاری سلێمانی چارەسەر دەکات، دیارە دەمێکە ئەو پڕۆژەیە گرێبەستی بۆ کرابوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایەوە، بەداخەوە نەتواندرا جێبەجێ بکرێت، ئێستاش جارێکی دیکە دووبارە لە پێداچوونەوەدایە، هەم فەرمانگەی ئەندازیاری سەرپەرشتیار و هەمیش شارەوانیی سلێمانی و لە وەزارەتیش کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەین. گوتیشی: پڕۆژەکە کاری لەسەر دەکرێت و ئێستاش لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانە و ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە ئاکام.

هەروەها لە نزیکەوە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی باخی بەختیاری بەسەر کردەوە و ڕایگەیاند کە پێویستە بەخێرایی ئەو باخە کارەکانی تەواو بکرێن و هاوکات ئامادەییشی دەربڕی بۆ هەر هاوکارییەک بەگوێرەی یاسا بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە.

هەروەها لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی سلێمانی کۆبوونەوە و باسیان لە وردەکاریی پەیوەست بە شارەوانییەکەیان کرد و ئێستاش شارەوانی و گەشتوگوزار ڕایگەیاند: ئەوان پشتیوانی هەموو خزمەتگوزارییەکن پێشکەش بە شاری خۆشەویستی سلێمانی بکرێت، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هاوکات سەردانی ژمارەیەک فەرمانگە و شوێنی دیکەشی کرد و لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ گرفت و کێشەکانیان کرد و بەڵێنی هاوکاری و هەماهەنگی پێویستی بە گوێرەی یاسا پێدان لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە شارەکەدا.

ناوهێنانی سوودانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق ناڕەزایەتیی پارتە شیعییەکانی لێکەوتەوە

سائیرووون: لە دژی هەر کاندیدێکی سەرۆکوەزیرانین کە پڕۆژەی پارتە سیاسییەکان بێت

وەتەنییە: با حکوومەتێکی پچووککراوە و یەک ساڵەیی پێکبهێنرێت



ناوهێنانی محەمەد شەیاع سوودانی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە پاش دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی ناڕەزایەتی چەند پارتێکی سیاسی شیعی لێکەوتەوە. بە هۆی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی دژ بە حکوومەتی عێراق سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی لە 29ی تشرینی دووەمدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، لە یەکی کانوونی یەکەمدا نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەشی پەرلەمان کرد و میدیا ناوخۆییەکاندا، ناوی وەزیری پێشووی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەندامی پێشووی حزبی دەعوەی سەر بە سەرۆکوەزیرانی پێشووتر نوری مالیکی، محەمەد شیاع سوودانی بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق دەبیسترێت. دەنگۆی ئەوە هەیە کە سوودانی کاندیدی هاوبەشی مالیکی و هاوپەیمانی فەتحی نزیک لە ئێرانە.

سائیروون: پابەند دەبین بە داواکاریی خۆپیشاندەران

لە پاش بەهێز بوونی دەنگۆی کاندیدکردنی سوودانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، دەنگی ناڕەزایەتی لەلایەن پارتە سیاسیە شیعییەکانەوە بەرزبوویەوە. پارتە سیاسییەکان، جەختیان لەسەر مەرجی خۆپیشاندەران کردووەتەوە بەوەی "دەبێت سەرۆکوەزیراتی نوێی عێراق بێلایەن بێت" سوودانیش بێ لایەن نەبووە. هاوپەیمانی سائیروون کە خاوەن 54 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەر بە سەرکردەی شیعی، موقتەدا سەدرە، لە ڕاگەیەنراوێکدا، ڕایانگەیاند کە ئەوان لە دژ هەر کاندیدێکی سەرۆکوەزیرانن کە پڕۆژەی پارتە سیاسییەکان بێت و ئەوان پابەند دەبن بە داواکاریی خۆپیشاندەران و پێچەوانەی ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

وەتەنییە: با حکوومەتێکی پچووککراوە و یەک ساڵەیی پێکبهێنرێت

سەرۆکی هاوپەیمانی وەتەنییە، ئەیاد عەلاوی لە نامەیەکی کراوەدا کە بۆ سەرکۆماری عێراق، بەرهەم ساڵح ناردوویەتی، چەند پێشنیارێکی بۆ بەرێوەبردنی وڵات کردوە لە پاش عەبدولمەهدیدا. عەلاوی لە نامەکەیدا، پێشنیازیکردووە حکوومەتێکی کاتی، بچووککراوە کە تەمەنی ساڵێک زیاتر نەبێت پێکبهێندرێت.

هاوپەیمانی نەسر: حکوومەتێکی کاتیی بێلایەن

هاوپەیمانی نەسری سەر بە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی ڕوونکردنەوەیەکی دەربارەی دۆخی ئیداری و سیاسیی وڵاتەکە بڵاوکردەوە، هاوپەیمانییەکە دووپاتی لەوە کردەوە کە ئەوان بەشدارنەبوونە لەم حکوومەتەی ئێستا و داواکارییان بۆ حکوومەتێکی کاتی، بچووککراوە کە تەمەنی ساڵێک زیاتر نەبێت.

ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی: پەیوەستین بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران

سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، عەمار حەکیم کە خاوەن 19 کورسییە لە پەرلەمانی عێراق، لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند، لە دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ئەوان پەیوەست دەبن بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکان.

هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت نوێکردەوە.

سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، عەمار حەکیم کە خاوەن 19 کورسییە لە پەرلەمانی عێراق، لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند، لە دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ئەوان پەیوەست دەبن بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکان.

شاڵاوێکی تیرۆر و ڕفاندن چالاکوانە مەدەنییەکانی خۆپیشاندانەکانی عێراقی گرتۆتەوە

کەسوکاری قوربانییەکان میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی بەئەنجامدانی ئەو کردە تیرۆریستیانە دەزانن



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق لەبەیاننامەیەکدا کە کۆپیەکیان بۆ ڕۆژنامەی خەبات ناردووە ئاماژەی بۆ فراوانبوونی شاڵاوی تیرۆر و ڕفاندن و کردنە ئامانجی سەرکردەی خۆپیشاندانەکانی عێراق و چالاکوانە مەدەنییەکانی عێراقی لەم 48کاتژمێرەی ڕابردوو دەستپێکردوە و لەو ماوەیەدا بەندەر شەرقی و غەیس جبوری دوو چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و ڕۆژنامەنووسێک لەگەڕەکی شەعب لەبەغدا کوژراون و کەس نازانێ کێ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە.

هەروەها عەلی حەمزە مەدەنی و سائیر کەریم تەیب دوو چالاکوانی پارێزگای دیوانیە هەوڵی تیرۆرکردنیان دراوە و بریندار بوون بەهۆی تەقاندنەوەی بۆمبێکی تەوقیتکراو بەئوتومبیلەکانیانەوە.

ناوبراوان پێشنیاز بکات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەو وادەیەش کۆتایی پێهات و هێشتا هیچ ناوبراوان ئاشکرا نەکراوە. لە هەر لەدرێژەی بەیاننامەکەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراقی تەئکید لەسەر زەروورەتی دۆزینەوە و دەستگیرکردن و دادگایکردنی ئەم کەسانە دراوە کە ئەم کردەوە تیرۆرستیانە ئەنجام دەدەن و وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی کاربەدێکەری ڕەنگە زیاتر پەرەبسێنێ.



لاهای.. خۆپیشاندانێک لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی وەک پاڵپشتییەک بۆ موسڵمانانی ڕۆهنیگا

لوبنان.. ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویدا

لایەنگرانی حزبوڵڵا و ئەمەل ئاگر لە خیوەتەکانی خۆپیشاندەران بەردەدەن



لە شاری بەیروت پایتەختی لوبنان، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویدا. میدیاکان ڕایانگەیاند، دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان هەوڵیاندا خۆپیشاندەران لە شەقامی مەعرەز کە دەچێتە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دووربخەنەوە، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویدا. باسیان لەوەش کردووە کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، خۆپیشاندەران هێزە ئەمنییەکانیان بەردباران کرد و لەبەرامبەر هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێنا.

بەگوتەی پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلوش، لەمیانی ڕوومالکردنی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران، وێنەگرێکی یەکێک لە ئاژانسەکانی هەواڵ بریندارببو.

لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ دووشەمە ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە لایەنگرانی حزبوڵڵا و ئەمەل ئاگریان لە خیوەتەکانی خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی بەیروت بەردداوە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ژمارەیەک کەسی تێکەری بەوە تۆمەتبار کردووە کە هێرشیانکردووەتە سەر ژمارەیەک فڕۆشگای بازرگانی لە شەقامەکانی ناوەڕاستی بەیروت و ڕایەگەیەنێت کە هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی ئەو کەسانە خستووەتەگەڕ.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر گرتە ڤیدیۆییەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا دەبیندرێت یەکێک لە خۆپیشاندەران بۆمبی مۆڵۆتۆف ئاراستەی هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دەکات لە شەقامی مەعرەز ناوەڕاستی بەیروت.

لای خۆیەوە وەزیری ناوخۆی لوبنان، ریا حەسەن داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە بەپەلە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان چۆڵ بکەن، هۆشداریشی دا لەوەی ژمارەیەک کەسی تێکەدەر، خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایشیان ڕووبەڕووی یەکتر کردووەتەوە. وەزیری ناوخۆی لوبنان، ریا حەسەن لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد، ژمارەیەک کەسی تێکەدەر کە تێکەڵ بە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز بوون و خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایشیان ڕووبەڕووی یەکتر کردووەتەوە.

وەزیری ناوخۆی لوبنان گوتیشی: هێشتا بۆمان ڕوونەبۆتەوە کە تێکەدەرانی لە چی ناوچەیەکەوە دێن بۆ ناو خۆپیشاندانەکان، بۆیە لەئێستادا ناتوانین هیچ هەنگاوێک لەوبارەوە بنێین تا ئەوکاتەی لێکۆڵینەوەکان تەواو دەبن.

جێی باسە لە 17ی مانگی ڕابردووەوە خۆپیشاندان دژبە پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاوواڵتیان لە پڕۆژەیاسای بوودجەی 2020 لە لوبنان، ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەهۆی خۆپیشاندانەکانی لوبنانەوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری لە 29ی مانگی ڕابردوودا دەستی لەکارکێشایەوە. خۆپیشاندەرانی لوبنان داوایدەکەن پەلەبکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە وەزیرەکانی سەربە هیچ پارتێک نەبن، هەروەها هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و گەندەڵکارانیش سزا بدرێن.



عێراق دەکەوێتە بۆشایی یاسایی و دەستوورییەوە

لایەنە شیعەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ شکست دێنن

خەبات-زانکۆ جاف:

پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 1ی دیسەمبەری ئەمساڵ، دەنگی لە سەر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دا. دواتر پەرلەمان داوای لە سەرۆککۆماری عێراق کرد، کە کەسێک بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی بناسێنێت. سەرەڕای بەردەوامی هەوڵەکان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە هاوپەیمانی فەتح ڕایگەیاند، لایەنەکان ئەستەمە، کە بتوانن لە سەر کەسێکی دیاریکراو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بگەنە ڕێککەوتن. هاوکات عەمار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، جەخت دەکاتەوە، کە ئەوان وەکو قەوارەیەکی سیاسی هیچ کاندیدێکیان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق نابێت.

ڕۆڵی زلهێزەکان

پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 1ی دیسەمبەری ئەمساڵ، دەنگی لە سەر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دا. دواتر پەرلەمان داوای لە سەرۆککۆماری عێراق کرد، کە کەسێک بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی بناسێنێت. لەو ڕووەوە گرینگە، کە لە ململانێ و کایەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی ناوچەکە و عێراق، یەکلاکەرەوەیە.

هاتنە ئارای بۆشاییەکی درێژخایەن

لەم گۆشەنیگاوە، پێناچێ بەرهەم سالّح بەم زووانە بتوانێ کاندیدێکیان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران، ناچارە لەگەڵ دوو ولاتی ڕکابەر و دژبەیەک "ئێران و ئەمەریکا" پرس و ڕاوێژ بکات. هەر چۆنێک بێت ئێران، هێزێکی بالادەستە لە عێراق و بە ڕێگەی ئایدیۆلۆژی و ئایین و گروپە تووندڕەوەکانی بەستراوە بە خۆی، بەشێک لە پانتای سیاسی و ئابووری و ئەمنی عێراقی لە ژێر کۆنترۆڵدایە. هاوکات ڕا و دەنگی ئەمەریکا لەو ڕووەوە گرینگە، کە لە ململانێ و کایەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی ناوچەکە و عێراق، یەکلاکەرەوەیە.

هاتنە ئارای بۆشاییەکی درێژخایەن

لەم گۆشەنیگاوە، پێناچێ بەرهەم سالّح بەم زووانە بتوانێ کاندیدێک

وەزیری ئەوقاف: ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورەیان لەشۆڕشەکانی کوردستاندا هەبووەو لەو پێناوەشدا خاوەنی چەندین قوربانین



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە دکتۆرە ڤیان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئەندامانی سکرتاریەتی ئافرەتان، لەدیدارێکدا وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی سکرتێر و ئەندامانی سکرتایەتی ئافرەتانی کرد، ڕۆڵ و پێگەی چالاکیەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرزنرخاند بەتایبەتی لەبواری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بەرەودان بەکردنەوەی خولی هەمەجۆر بۆ پێگەیاندنی ئافرەتانی کوردستان و داکۆکی کردن لەمافەکانیان، ئەمەو وێرای بەگرنگ وەسفکردنی پێگەی ئافرەتان لەنێو کایەیی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا، جگە لەمەش وەزیری ئەوقاف وتی: ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورەیان لەشۆڕشەکانی کوردستاندا هەبووە لەو پێناوەشدا خاوەنی چەندین قوربانین بۆیە هەمیشە پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردستاندا بەبەرزی و لەلوتکەدا دەمێنێتەوە و پشتیوانی خۆیشی بۆ پرۆژەو کارەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دووپات کردەوە.

سەربەست تروانشی د خزمەتا دایکا چوار شەهیدان دا



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا کارگێرێن لقێ سەرا دایکا فاتیما سەلیم زوبێر دایکا هەر چوار سەر بلندێن کوردستانێ شەهید عبدالله محمد عبدالله و عەلی و جەمال و حاجی دا، و ژ نێزیکی ڤە هایداری ڕەوشا ساخلەمیا وێ بوو. دڤێ سەردانێ دا بەرپرسێ لقێ گوت: تو ئەو دایکی یاکو هەمی کوردستان قەدارێ دایکێن وەکی تەنە چونکی چوار جارن دلێ تە یێ هاتیە بژاندن ژ بۆ ئازادیا گەل و وەلات وئاخا خوە ئەو چوار شەهید شەرەفەک هەری مەزنە بۆ تە و مالباتا تە و گەلێ تە و دێ مین د بیردانکا هەر کورد پەروەردەکی دا هەتا هەتایێ و ئەم ژی وێ سوزێ د دەین کو دیکەفتێن عەزیزێن هەوە بین تاکو ئەلندا دوماهیکێ لڤی وەلاتی دهەلێت. ئەڤە دایکا فاتیما سەلیم زوبێر سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر بۆ ڤێ سەردانێ و گوت : هەچیا مە کری بۆ پاراستن و کەرامەتا ئاخ و وەلات و ڕێبازا خوە یا کری و دێ د بەردەوام بین لسەر ڤێ ڕێکا خوە تا ئێک ژڤێ مالباتێ مابیت.

لەلایەکی دیکەوە، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان لسنورێ لیژنا ناوچا شورەش دگەل ژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو، دڤێ کومبوونێ دا بەرپرسێ لقێ ئامازە دا وێ ئێکێ کو ئەم چ کارەکبکەین بۆ مالباتێن شەهیدان ئەم هێش قەردارێن واینە چونکی وان روحێن عزیز پێشکێشی ڤێ ئاخێ کریە داکو ئەم سەربەست بژین و خوبناشەهیدان باشترین نەخشەیە کو دەولەت پێشمەڤە بێت دئالیەکێ دیدا دیڤ وی بەرنامێ دارێتی یێ لقێ بەرپرسی لقێ هاریکارێن درافی بسەروار پارڤەکرن کو ئەڤە بۆ ماوەی 3 سالانە بەردەوام هاریکاری دگەل مالباتێن شەهیدان دهێتەکرن، مالباتێن شەهیدان ژی سوپاسیابەرپرسێ لقێ کر کو بارا پترێ ژ کارێ خوە دایە داخاز و پێتڤیێن مالباتێن شەهیدان و خوشکرنا ژیارا وان.

شارەوانی هەولێر: بەیانی دوا قۆناغی شەقامی خێرایی 120 مەتری هەولێر بەڕووی هاووڵاتییاندا دەکرێتەوە



لەڕاگەیاندراوێکدا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ سێشەممە 18ی 12ی 2019 لە مەڕاسیمێکی شایستەدا، دواقۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی شەقامی 120م خێرا ڕادەگەیندرێت و بۆ ڕۆژی دواتر دەکرێتەوە بەڕووی هاووڵاتیان.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کەشەقامی 120م، شەقامێکی بازنەیی خێرایە بە چوار دەورەی شاری هەولێر دەسوڕێتەوە و درێژییەکەی نزیکەی 38کم دەبێت و لە ڕووی جێبەجێ کردن دابەش کراوە بەسەر سێ قۆناغ و لە ڕێگەی کۆمپانیای هێمن گروپ جێبەجێ دەکرێت لەڕێگەی قەرزی درێژخایەن، یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی و پڕۆسەی جێبەجێکردنەکەی بەم شێوەیە بوو:

- قۆناغی دووەم لە ڕێگای سەرەکی هەولێر- موسڵ تا ڕێگای سەرەکی هەولێر- شەقلاوە، 16کم لە ساڵی 2016 تەواو کراوە.

- قۆناغی سێیەم لە ڕێگای سەرەکی هەولێر-شەقلاوە تا ڕێگای سەرەکی هەولێر- کەرکوک 11کم و لە ساڵی 2018 تەواو کراوە.

-3قۆناغی یەکەم دواقۆناغ لە ڕێگای سەرەکی هەولێر- کەرکوک تا ڕێگای سەرەکی هەولێر-موسڵ 11کم، لە 2019/12/15 تەواو کراوە تەنها شەقامە خزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشە لە ساڵی داهاتوو تەواو دەکرێت.

شارەوانی هەولێر ڕاشیدەگەیێنێت ، پڕۆژەکە لەگەڵ هەموو شەقامە سەرەکییەکان بەستراوەتەوە لە ڕێگەی ئاراستەگۆڕ -inter change و هەموو بڕگە ژێرخانییەکانی شەقامی خێرای بۆ کراوە، وەک تۆڕی ئاوەڕۆ و ڕوناکی و هێلکاری و هێماکانی هاتووچۆ و شوێنی پەرینەوەی هاووڵاتییان.

حکوومەتی هەرێم پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەباتە ناوچە دوورە دەستەکانیش

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەبرێنە ناوچە دوورە دەستەکانیش، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێریش ئاشکرای کرد، نەخشەی وەبەرهێنان ئامادە دەکرێت و لەمەودوا بەپێی پێویستیی هەر ناوچەیەک، مۆڵەت دەدرێتە پڕۆژەکان. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر، بە خەبات ڕاگەیاند: نەخشەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێت و لەمەودوا بە گوێرەی پێداویستیی هەر ناوچەیەک، مۆڵەت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەدرێت، چونکە تا ئێستا وەبەرهێنەر خۆی پڕۆژەڵی دەنارد بۆ حکوومەت، بەڵام لەمەودوا حکوومەت خۆی زەویی پێویست ئامادە دەکات بۆ ئەو شوێنانەی پێویستیان بە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەیە، بە تەنیا لە سەنتەری شارەکانیش پڕۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام نادرێن. بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر دەشڵێت: ئێمە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دەستەی گشتیی وەبەرهێنان، لەگەڵ بەڕێوەبەر و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کۆبوونەتەوە، تا پێداویستیی هەموو ناوچەکان لە ڕووی ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنانەوە دیاری بکرێن، هەتا لە گوندە دوورەدەستەکانیش بێت.

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر لەبارەی داخستنی یووتێرنێک شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر، ئاگادارییەکی لەبارەی داخستنی یووتێرنێک لەسەر ڕێگای هەولێر ـ پیرمام بڵاو کردەوە. ، موقەدەم فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر، ئاگادارییەکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی کە تێیدا ئاگاداری سەرجەم شۆفێران کراوەتەوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هاتووچۆ لە ڕێگای هەولێر ـ پیرمام.
لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەرەپێدانی هاتووچۆی هەولێر، بڕیار درا بەداخستنی یووتێرنی سەر ڕێگای هەولێر – پیرمام لەنزیک گوندی براغ. باس لەوەش کراوە، بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە پیرمامەوە بەرەو هەولێر دێن و دەیانەوێت بگەڕێنەوە پیرمام، دەتوانن پێچی نزیک بەفرین سیتی بەکاربهێنن، بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەشی کە لە هەولێرەوە بەرەو پیرمام دەچن و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ لای هەولێر، دەتوانن پێچی خانزاد بەکار بهێنن.

22 تەن لەمەوادی کیمیایی و 46 تەن لە بەنزین گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران

دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بڵاوی کردەوە، هەڵساین بە گەڕاندنەوەی یەک بار لە مەوادی کیمیایی لە جۆری میپانۆڵ بە بڕی (22) تەن و (885) کیلۆگرام لەلایەن بنکەی پشکنینی سوتەمەنی حاجی ئۆمەران و بنکەی کۆنترۆڵی جۆری حاجی ئۆمەران پشکنینی تاقیگەی بۆی ئەنجام درا بەڵام لە پشکنینی تاقیگەدا دەرنەچوو.

هەروەها دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ئاماژە بەوەش دەکات کەبڕی 46 تەن بەنزین گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران دوای ئەوەی لە لایەن بنکەی پشکنینی سوتەمەنی و بنکەی کۆنترۆڵی جۆری پشکنینی تاقیگەی بۆی ئەنجام درا بەڵام لە پشکنینی تاقیگەدا دەرنەچوو.

ئەمساڵ نزیکەی 9 هەزار نەخۆش سەردانی سەنتەری هەرس و جگەریان کردووە

بەپێی ئاماریکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لەماوەی 11 مانگی ڕابردووی ئەمساڵ 8983 نەخۆش سەردانی سەنتەری هەرس و جگەریان کردووە و چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجام دراوە. لە ئامارەکەدا هاتووە 701نەخۆش ڕەنگکردنی بۆریەکانی زراو و پەنکریاسیان بۆ ئەنجام دراوە و 2844 هەناوبینی گەدە و هەروەها 1328نەخۆش هەناوبینی قۆلۆنیان بۆ کراوە. هاوکات لەماوەی 11مانگی ڕابردووی ئەمساڵ لەسەنتەری هەرس و جگەر 900 سۆنەر بۆ نەخۆش کراوە و 363 نازوور و273 وەرگرتنی نمونە و 113 هێلکاری سورێنچک و 107 دەرکردنی میز لەڕێگەی پێست و 206 پشکنینی بەکتریای گەدە ئەنجام دراوە.

وەزارەتی کارەبا 100 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا بەستراوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند تائێستا نزیکەی 100 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبایان بەستووە و هەر بەشداربوویەکیش لەڕێژەی دیاریکراو زیاتر کارەبا بەکاربهێنێ کارباکەی دەبڕێت. ئومێد ئەحمەد گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا بەخەباتی ڕاگەیاند: تیمەکانی بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا وتا ئێستا 93 هەزار پێوەری زیرەکیان بۆ هاوبەشانی کارەبا بەستووە گوتیشی پێوەرەکان بێ بەرانبەر بۆ هاووڵاتیان دەبەسترێن و بڕیارە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا پڕۆسەکە تەواو بکرێت ئومێد ئەحمەد ئاشکراشی کرد یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێوەرەکە ئەوەیە پڕۆگرام دەکرێت و بڕە کارەبایەک بۆ هاوبەشان دیاری دەکرێت کە بەکاری بهێنێ ئەگەر لەو ڕێژە زیاتر بەکاری بهێنێ.

بانداێکی ساختەکار کە پۆلیس و فەرمانبەریان تێدایە و خەڵکی چەند ناوچەیەکی کوردستانن دەستگیرکران

خەبات ـ سەبریە یوسف: عوسمان عەبدولکەریم بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن هێزەکانی یاریدەدەرێتی ئاسایشی دەربەندیخانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان سەبارەت بە کۆمەڵێک بەڵگەنامە و فۆرمی وەهمی و ساختەی دامەزراندن و دابینکردنی تراکتۆری کشتوکاڵی بۆ هاوڵاتیان سەردانێکیان دەست کەوت، هەروەها پاش لێکۆڵینەوەی وردو بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری تەواو، لە سەر بڕیاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی دەربەندیخان توانرا باندێکی 7 کەسی کە بەرەگەز کوردن و یەکێکیان ئافرەتە دەستگیر بکرێن .

ئەو بەرپرسەی ئاسایش ڕاشیگەیاند تۆمەتبارەکان تۆمەتبارن بە فریودان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دانیان بەوەدا ناوە کە بە شێوەی نهێنی و ساختە هەستاون بە دروستکردنی فۆرمی دامەزراندن و فۆرمی دابینکردنی تراکتۆری کشتوکاڵی و لە شارەکانی هەڵەبجەو دەربەندیخان و کفری ئەو فۆرمانەیان بە پارە دابوو بە سەدان کەس لە بەرامبەر هەر فۆرمێکدا بڕی 150,000تا 1.500,000 دیناریان لە خەڵک وەرگرتبوو، بۆیە لەسەر فەرمانی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی سەرجەم ئەندامانی ئەو باندە بە پێی مادەی 456ی س ع ـ ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/17 ژمارە (5894)

ئامەد.. دۆزینەوەی نووسراوی سریانی لە گۆڕستانێکی کۆنی ئەو شارەدا



هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە کە تا ئێستا نووسراوی سریانی لە هیچ گۆڕستانێکی لەبەرد هەڵکەندراودا دۆزرابێتەوە

خەبات: ئامەد

لە میانی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی شوێنەواری میژوویی لە شارۆچکەی سیلڤان سەر بە پارێزگای ئامەد، لە گۆڕستانی لەبەرد هەڵکەندراوی باهچەکۆی دوو تابلۆی هەڵکەندراو دۆزرانەوە کە بەزمانی سریانی لەسەریان نوسرابوو.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیرفان یلدز، مامۆستای کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی دیجلە و بە ڕەزامەندی وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزاری تورکیا، ماوەی 10 ساڵە لە دیاربەکر و شارۆچکەکانی دەوروبەری لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە میژووییەکانی تایبەت بە چاخی بەردینی ناوەڕاست و سەدەکانی دواتر دەکات.

ئەمجارەش بە هاوکاری قایقامییەتی شارۆچکەی سیلڤان لە گۆڕستانی لە بەرد هەڵکەندراوی باخچەکۆی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەشکەوتەکانی هاسونی لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا و دوو تابلۆی دۆزییەوە کە بە زمانی سریانی لەسەریان نووسراوە.

عیرفان یلدز لە میانی لێدوانێکیدا ڕایگەیاند سەرکەشیشی کلێسای کرکلاری ماردین، گابرێل ئاکیوز تابلۆکانی شیکار کردووە و گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم نووسینانە تایبەتن بە کێڵی سەر گۆڕی سریانییەکان.

یلدز باسی لەوەشکرد ئەمە یەکەمجارە نووسراوی سریانی لەناو گۆڕستانێکی لەبەرد هەڵکەندراودا بدۆزرێتەوە و گوتی: زۆرینەی سریانییەکانی تورکیا لەم ناوچەیە دەژین. هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە کە تا ئێستا لە تورکیا نووسراوی سریانی لە هیچ گۆڕستانێکی لەبەرد هەڵکەندراودا دۆزرابێتەوە.

هەربۆیە دەشێت ئەمە یەکەمین گۆڕستان بێت لە تورکیا کە بە سریانی لەسەری نووسراوە.

عیرفان یلدز باسی لەوەش کرد کە لێکۆڵینەوەکان لە گۆڕستانەکە بەردەوامن و تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە ئایا ژوورەکانی گۆڕستانەکە لە سەردەمی سریانییەکاندا دروستکراون یاخود میژوویەکی کۆنتریان هەیە.

یلدز ئاماژەی بەوەدا لە لای ڕاست و چەپی گۆڕستانەکەدا گۆڕی بچووکتر هەن، سریانییەکان کەسایەتییە ئاینی و گرنگەکانیان لە تەنیشت یاخود لەژێر کلێساکەدا ناشتوە و گوتی: ئەو میحرابەی دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی نووسراوەکە بەشێوەی بیناسازی کەوانەیی دروستکراوە و ڕۆڵی میحرابی گێڕاوە، هەربۆیە پێمانوایە وەک پەرستگایەکی مەسیحییەکان یان کلێسایەکی بچوک کە بەشوێنێکی پیرۆز هەژمارەکراوە، بەکارهێندراوە.

کاتێک دەگەینە ئەم ئەنجامە ئەو پرسیارە بەبیرماندا دێت کە ئایا لە سەردەمی سریانییەکاندا گۆڕستانی لەبەرد هەڵکەندراو دروستکراوە؟ چونکە یەکەمجارە لە گۆڕستانێکی وادا نووسراو ببینین. دۆزینەوەی نوسینی سریانی لە گۆڕستانێکی لەبەرد هەڵکەندراودا زانیارییەکی گرنگە بۆ ئێمە. لە لێکۆڵینەوەکانماندا بەردەوام دەبین لە گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر.



سلێمانی.. هەڵمەتێک بۆ گەڕاندنەوەی سەرچنار وەک هاوینەهەوار

سەردەمانێک ئەو هاوینەهەوارە جمەی دەهات لە گەشتیار و ئێستا بەهۆی پشتگوێخستنییەوە، کەمترین گەشتیار ڕووی تێدەکات





خەبات: سلێمانی

بەمەبەستی پاککردنەوە و گێڕانەوەی گەشتیار بۆ هاوینەهەواری سەرچنار لە سلێمانی، بەبەشداری ژمارەیەک هونەرمەند، ڕۆشنبیر و کەسایەتی ناسراوی شارەکە هەڵمەتێکی پاککردنەوەی هاوینەهەواری سەرچنار بەڕێوەچوو.

بەمەبەستی پاککردنەوە و گێڕانەوەی گەشتیار بۆ هاوینەهەواری سەرچنار لە سلێمانی، بەبەشداری ژمارەیەک هونەرمەند، ڕۆشنبیر و کەسایەتی ناسراوی شارەکە هەڵمەتێکی پاککردنەوەی هاوینەهەواری سەرچنار بەڕێوەچوو.

هەڵمەتەکە لەلایەن گرووپی فۆتۆگرافەرانی گەڵاوە دەستپێکرد و بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی، هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەندین کەسایەتی شار، هونەرمەند و ڕۆشنبیر لە هاوینەهەواری سەرچنار بەڕێوەچوو کە سەردەمانێک ئەو هاوینەهەوارە جمەی دەهات لە گەشتیار و ئێستا بەهۆی پشتگوێخستنییەوە، کەمترین گەشتیار ڕووی تێدەکات.

سەرپەرشتیاری گرووپی فۆتۆگرافەرانی گەڵا، ناسح عەلی خەیات لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە بەمەبەستی گێڕانەوەی قورسایی جارانی هاوینەهەوارەکە، بە بەشداری چەندین سیاستمەدار، کەسایەتی شار، ڕۆشنبیر و هونەرمەندان هەڵمەتێکی پاککردنەوەی هاوینەهەواری سەرچناریان دەستپێکردووە و چاوەڕوان دەکەن کە زۆرترین کەس بەشدارین تیایدا.

ناسح عەلی خەیات باس لەوە دەکات کە سەرچنار لەپێشوودا جێگەیەکی دڵگیری شاری سلێمانی بووە، زۆرترین گەشتیار ڕوویان تێکردووە، بەڵام ئێستا بەهۆی پشتگوێخستنییەوە گەشتیاران زۆر بەکەمی لەناوەوە و دەرەوەی شارەکە ڕووی تێدەکەن، هەر بۆ ئەو مەبەستە داوایان لە پارێزگار و چەندین لایەنی تایبەت کردووە کە گرنگی بدەنەوە بە هاوینەهەوارەکە بۆ ئەو مەبەستەش سەندیکای هونەرمەندان بڕیاری داوە کە هەفتانە کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەندان ئەنجام بدات لە هاوینەهەوارەکە ئەگەر بێت و پارێزگاری سلێمانی سەکۆیەکیان بۆ دروست بکات لە ناوجەرگەی هاوینەهەواری سەرچناردا.

سەرۆکی گرووپی فۆتۆگرافەرانی گەڵا داوا دەکات کە هەفتانە پێشانگای شێوەکاری، فۆتۆگرافەری و کۆنسێرت لە هاوینەهەوارەکە ڕێکبخرێت، تاکو گەڕموگوڕی جاران بدرێتەوە بە سەرچنار.

پارێزگاری سلێمانی، هەڤاڵ ئەبوبەکر لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ بۆ پشتگیریکردنی ئەو هەڵمەتە بەشدارن لەگەڵ خۆشەویستانیان کە بەدەستپێشخەری گرووپی فۆتۆگرافەرانی گەڵا بەڕێوەدەچێت و گوتی: لێرە دەستکراوە بە پاککردنەوەی هاوینەهەواری سەرچنار، لەسەر شەقامەکەوە، تاکو ئەمە ببێت بە دەستپێشخەریەک بۆ پاککردنەوەی شوێنەکانی تر، ئومێد دەکەم هەموو هاوواڵتیانی خۆشەویست، کۆمپانیاکان، دامودەزگاکانی دەوڵەت و بەتایبەت شارەوانی بەدەم ئەم جۆرە پڕۆژانەوە بێن و هەماهەنگمان بن بۆ ئەوەی هەمور بەیەکەوە بتوانین ژینگەی سلێمانی کە ژینگەیەکی لەبارە و سەوزایی و پاککردنەوە و ریسایکلین لە ئاستێکی باشدایە، بتوانین باشتری بکەین، هەروەها پارێزراوتری بکەین.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای گەشتیاریی جزیرەی نوح، دڵشاد عەبدولقادر کە بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەکە و زیندوکردنەوەی هاوینەهەوارەکە بەشداری کردبوو ئاماژەی بەوە کرد کە هەرچەندە کەسانێکی کەم هاتوون بۆ بەشداری لە هەڵمەتەکەدا، بەڵام ئەمە دەستپێکێکی باشە و هیوای خواست کە بتوانن گرنگی زیاتر بە شوێنە گەشتیارییەکان بدەن تاکو بتوانن شەپۆلی گەشتیاری لە دەرەوە بۆ ناوخۆی سلێمانی رابکێشن.



74 ساڵیادی هەڵگردنی ئاڵای کوردستان

بارزانیی نەمر بەڵێنی دابوو تا دوا هەناسە خەبات بکات بۆ بەرزڕاگرتنی ئاڵا و بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان



خەبات: سەفەریوسف میرخان ژاژۆکی

ئەمڕۆ لە کاتێک یادی 74 ساڵەی هەڵگردنی ئاڵای کوردستانە لە ڕۆژی 1945/12/17 دەکەینەوە کە بەسەرۆکایەتی پێشەوای کورد قازی محەمەد و ژەنراڵ بارزانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و جەماوەری کوردستان کە ئەو ئاڵایە هەڵکرا و لەهەمان کات یادی 73 ساڵەی تەسلیمکردنی ئاڵای کوردستان ساڵیادی تەسلیم کردنی ئاڵای کوردستان لە 12/17/ 1946 ئەو ڕۆژە مێژوویی کە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت ڕادەستی بارزانیی نەمر کرد.

چوونی لە شکری بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان وبەرگری کردنیان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە خۆی قوناغێکی چارەنووساز بوو لە مێژوویی خەباتی گەلی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەم یادی مێژوییە بە پێویستمان زانی لەگەڵ چەند هەڤاڵی بارزانیی نەمر چاوپێکەوتن بکەین کە بەشداریان کردبوو لە بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕێڕەوە مێژوویەکەی بارزانی نەمر بۆ سۆڤیەکێتی سۆڤیەتی پیشوو، هەروەها بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانیان کردووە، شایانی باسە لەبەر خەبات وماندوبوونیان لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی میدالیای بارزانیی نەمری پێیان بەخشراوە. بۆئەم یادە، بیرەوەریەکانیان بۆ خوێنەرانی ئازیز ڕۆژنامەی خەبات دەخەینەڕوو.

لە پیرمام چاومان بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (کازم شانەدەری) کرد بەمشێوە باسی بۆ یەکەمجار هەڵدانی ئاڵای کوردستان کرد کە تەمەنی 15 ساڵانە بووە، بەمشێوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتە ئاخاوتن:

دوای بەرگری کردن لە شۆڕشی دووەمی بارزان دیسان دوژمن مااڵ و منداڵ و ژن و پەککەوتووی کردە ئامانجی تۆپ باران کردن و زۆر مااڵ و گوند وێران کران. ئەوە بوو کە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی و بارزانیی نەمر بڕیاریان دا دەڤەری بارزان بە جێبێڵێن و بە مااڵ و خێزان و لەشکری بارزانییەکان هەموان ڕووماں کردە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە دوژمن بەردەوام هێرشی دەکردە سەرمان و لە ڕێگا چەندین شەهید و بریندارمان دا تاکو لە 10/11/ 1945مەڕگەوەڕ وتەرگەوەڕ هاتینە پێشوازی کردن، لە لایەن خەڵکی دڵسۆزو کوردپەروەری ئەو بەشەی کوردستان و دوایی دابەش کراین بەسەر ناوچەکان و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.بە ڕاستی 1945/12/17 ڕۆژێکی مێژوییە بۆ یەکمجار ئاڵای کوردستان بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر و خەڵکانی کوردپەروەر و ڕۆشنبیر و مەلا و شێخ لە مەیدانی چوارچرا دروست لەو شوێنەی کە پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی سیدارە دابوون، ئاڵای کوردستان هەڵکرا و هەتا چەندین سەرقوڵەی بارزانییەکان لە مەهاباد و دەوروبەری دابوون، بەڕاستی ئەو ئاڵایە دوای کورد بوو، بۆ یەکەم حکومەتی کوردی ڕابگەیەنێ و هەروەها بۆ ئەوە دانراوە دوای مافە و ئامانجەکانی خۆیان بکەن چونکە لە تەوریز تورکەکان حکومەتی ئازەربان ڕاگەیاند و ڕەنگدانەوەی تر بە خۆی هەبووە، ئەو حکومەتە لە ژێر کۆنترولی ڕوسیا بوو هەرچەندە ئەو ڕژێمە کۆمینست بوون و دژی ئاغا و دەربەرگ بوو و بۆیە ئاغا و دەربەرگ زۆربان پێ خۆش نەبووە ئەو کۆمارە دانەمەزرێت، بۆیە خەڵکانی تر هەبوون حەزیان لە حەق و مافەکانیان دەکرد و کورد دوست بوون و ئێمە لە گوندەکان بووین و ڕۆژنامەی کوردی دەڕچوون و هەستی نەتەوایەی زیاتر بووە و خەڵکێک پێشوازییان دەکرد بیرنەتەوایەتیان هەبووە.



کازم شانەدەری



حامید گەوهەری



مەلا ئەحمەد لێڕەبیری

لە بارەی داگرتنی ئاڵای ئێران لە مەهاباد و هەڵگردنی ئاڵای کوردستان نووسەر (حامید گەوهەری) لە پەرتووکی کۆماری کوردستان دەنووسی: دوای گەڕانەوەی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات لە تەورێز و ئاشکرا کردنی هەست و بیری نەتەوەیی کورد و حیزبی دیموکران سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا ، خەڵکی مەهاباد بە هاندانی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی 1945/12/15 ڕۆژانی ناو شەقامەکانی شارەوە و ئاڵای ئێرانیان لەسەر بینا دەوڵەتییەکانی ڕژێمی ئێران داگرت دوای داگرتنی ئاڵای ڕژێمی ئێران لە مەهاباد، لە شارەکانی نەغەدە و بۆکانیش ئاڵای کوردستان هەڵکرا، بەو مەبەستەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 12/17/ 1945 لە ڕێوردەسمێکی بەشکۆدار ئاڵای کوردستان لە جێی ئاڵای ئێران لە مەهاباد هەڵکرد، گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێی خۆیدا ئاماژە بۆ هەڵکرتنی ئاڵا لە مەهاباد دەکات و بەسەردێڕی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد نوسیەتی: ڕۆژی 26ی سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبونەوە ، کاتژمێر 10ی بەیانی لە کانگای حزب ئاڵای کورد بە ئامادەبوونی 10 هەزار کەس هەڵگیراو لە کاتێک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفای دا ریزی نیزامی کە لولەی تفەنک و موسەلسل و سرنیزەیان دەدروشا دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مەکتەب، کچ و کوڕ، لە لای ڕاستی ئاڵا لە حەڕەک دا بون گەورە و بچوکی مەهاباد هەئیەت و نوێنەرانی حزبی دیموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواند و بۆ ئیحترام چەپڵەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و پێشەوای کوردستان جەنابی قازی محەمەد وتارێکی بەتینی لەبابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو و ئەوجار لە پاش خوێندنەوەی و تیر هاویشتنیکی زۆر و بەجێ هێنانی مەراسم و نەسبی ئاڵا لە سەر عەمارەتی هەئیەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان جیژن دوای هات.

لە گوندی لێڕەبیر سەربەدەڤەری بارزان سەردانی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (مەلا ئەحمەد لێڕەبیری) کە لە تەمەنی لاویەتی داببوینە پێشمەرگە لە بارەی چۆنیەتی بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لەمەهاباد و پاراستنی ئەم دەسکەوتە مەزنە، بەمشێوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتە ئاخاوتن، لەمبارەیەوە گوتی: بەڕاستی یادی مێژووی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان زۆر پرشنگدار بووە چونکە هەستی نیشتمانپەروەری زۆر بە هێز بوو لای هەموو کوردێک و بوو بەئاهەنگ و شادی، دوای ئێمە (بارزانییەکان) بە پیرو گەنج ولاو چووین و ناونوسمان کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، منیش چەکم هەڵگرت وکاتی هەڵگرتنی چەک بۆ ئەم کۆمارە دەبوایە سوێندمان خواردەبوایە کە ئێمە نایێ خیانەت لە کۆماری کوردستان لە مەهابادبکەین و هەتا مردن بەرگری لەم کۆمارە بکەین. بۆ ماوەی 3 هەتا 4 مانگ زیاتر مەشقی عەسکەریمان بکردایە وباش لە یادەمە1/22/ 1946 ڕۆژێکی مێژووی بۆکوردستان بوو کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیاندرا کە ئەو کات بە سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد بوو و سەرکردایەتی سەربازی تەسلیم کرا بە بارزانیی نەمر بە پلەی ژەنراڵی، بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر ئێمەش بەشداریان کرد و گەورەترین زەربەمان لە دوژمن دا. هەر لە شەڕی یەکەم بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە شەڕی قاراوە بوو ئەم شەڕە بە سەرکەوتنی بارزانیی نەمر ولەشکری کۆمار کۆتایی هات، بارزانیی نەمر هەمیشە لەوێشدا بۆ بەرگری کردن ئامادەی گیانفیدای بووە،ژەنەڕاڵ بارزانیی نەمر فەرماندەی لەشکری کوردستان بوو لەو کۆمارە، باس کردن لەو بابەتە بە سەدان لاپەڕە تەواو نابێت ومێژوو بە خۆی شاهیدی بۆدەدات کە سیاسەتی بارزانیی نەمر ئەوە بوو کە کورد لە هەر شوێنێک پالپشتێکی بە هێز بێت بۆ یەکتر بوون و ئەگەر شەڕ لە پارچەی تری کوردستان ڕووبدابوا بارزانیی نەمر بە ئێمە و لەشکر پالپشتی دەکرد و ئەوەش بە هەستی کوردایەتی بە هەستکردن بە لێپرسراویەتی، بۆیە هەمیشە بارزانیی نەمر هەمیشە لە گەڵ ئێمە بووە و لە کاتی بەرگری کردن لە ناوبەرەکانی شەڕ هەموو کاتێک وەڕی دەدایە ئێمە، دەیفەرموو: ئێرە هیچ جیاوازی نیە ، کوردستان هەر کوردستانە جا بۆیە دەبێ بەرگری لە کوردستان بکەین و بۆیە پێویستە چەکمان لە دەستمان دابێت ، هەموومان ئامادەی خۆبەخت کردن بووین لە پێناو ئامانجەکانی بارزانیی نەمر کە ئومێدی دوا ڕۆژمان بوو ،بەڕاستی پەیوەندی نێوان پێشەوا قازی محەمەد وژەنەڕاڵ بارزانی زۆر کوردانە و دڵسۆزانە بووە و هەردووکیان لە بنەماڵەیکی دیندار و کوردپەروەر بوون و هەموجار کارەکانیان پشتبەستن بەخوای ئەنجام دەدا ومێژوو دەزانی کە بارزانیی نەمر چەند هاوکاری پێشەوا قازی محەمەد بووە بۆ کوردایەتی، هەمیشە پێکەوە دەهاتنە ناوبەرەکانی شەڕ و سەردانی ئێمەیان دەکرد و تەوجیهاتیان دەدا و وەڕی ئێمەیان بەرز دەکردەوە، پێشەوای کوردان قازی محەمەد گەشبین بوو بە بارزانیی نەمرچونکە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد زیاتر لە دەستی بارزانیی نەمرو لەشکر دا بوو کە توانیمان ئیسپات بکەین دەتوانین بەرگری لە کوردستان بکەین. بە بێ جیاوازی کە بە خاکی خۆمان دەزانی.

لە بارەی تەسلیم کردنی ئاڵای کوردستان لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد بە ئەمانەت بە دەستی بارزانیی نەمر، مام (کازم شانەدەری) گوتی: دوایی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد وتێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ڕۆژی تەسلیم کردنی ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت، کە بارزانیی نەمر پاراستی ئەوە بوو بارزانیی نەمر فەرمانی بە ئێمەی لەشکری بارزانییەکان و هێزی بارزانییەکان دا ، کە لە سەقز و سەردەشت بگەڕێنەوە مەهاباد، هەرچی خێزان هەبوو بنێردڕێتە شنۆ و نەغەدە، بارزانیی نەمر چوو لای پێشەوا قازی محەمەد وە پێ ڕاگەیاند: دەتەوێت چ بکەی، چ بڕیارەک بدەی، پێشەوا قازی محەمەد پێ فەرموو: من بە خۆشی لە گەڵ خەڵکی مەهاباد بووم و بەنەخۆشی لە گەڵ خەڵکی مەهاباد دەبم،دەمەوێت خۆم فیدا بکەم بۆ ئەوەی خوێنی مەهابادییەکان نەڕژێ، خۆم دەدەم بە دەستی سوپای ئێرانییەوە، پێشەوا قازی محەمەد بە بارزانی گوت: جگە لە پێاوەکانی خۆت، پشت بە کەس مەبەستە ، زۆر لەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، کە چی ئێستا خزمەتی سوپای ئێرانی دەکەن ودەمەوێت لە سەرۆک هۆزەکان وەریا بی و بڕوایان پێ نەکەیت. تکاش دەکەم بە زووترین کات مەهاباد بەجێبهێڵە تا لێرە لە گەڵ لە شکری ئێران بەگژ یەکدا نەچن، بارزانیی نەمر پێ فەرموو: تۆ و هاوڕییەکانت لە گەڵ ئێمە وەرەن، ئەگەر نانێکمان هەبێت پێکەوە دەیخۆین، خۆتان ڕادەستی دوژمنەکان مەکەن، چونکە هەر دەتکۆژێن، پێشەوا قازی محەمەد بە بارزانیی نەمری فەرموو: ئێوە بڕۆن، دواتر قازی محەمەد بە گریانەوە بارزانیی نەمری ماچ کرد و گوتی: با ژیانی من فیدای هاونیشتیمانەکانم بێت و ئاڵاێکی کوردستانی لە گیرفانی دەرهێنا و بە بارزانیی نەمری گوت: ئەمە ڕەمزی کوردستانە، دەتدەمێ وەکو ڕاسپاردەیەک ئەم ئەمانەتە بپارێزن، تا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ئاڵایە لە کوردستانی ئازاد هەڵبکرێت، لە تۆ زیاتر کەس بە شایانی هەڵگرتن و پاراستنی ئەم ئەمانەتە نازانم، ئەوە بوو بارزانیی نەمر ئاڵاکەی لە پێشەوا قازی وەرگرت و پەیمانی دایێ هەتا دوا هەناسە خەبات بکات بۆ ڕاگرتنی ئەو ئاڵا پیرۆزەو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد، دواتر هەردووکیان خواحافیزیان لە یەکتر کرد، هەرچەندە بارزانیی نەمر دەیزانی کە پێشەوا قازی محەمەد دەکۆژن و دواتر لە ڕادیۆ گوێمان لێبوو کە پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی گیانی خۆیان کردۆتە کورد و کوردستان...ئێمە بەمان 500لە هەڤاڵان لە گەڵ ڕابەرمان بارزانیی نەمر کە بە مان و نەمان ڕێگای سەختی لە پیناو کوردستانمان هەڵبژارد پەنامان بردە سۆڤیەتی جاران لە پێناو مافەکانی کوردستان و دوای 12 ساڵ گەڕانەوەکان بەشداریان کرد لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کەخەباتکی کوردایەتی بوو لە پێناو ئەمڕۆ، بۆیە بەرهەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئاڵایە ئەی ڕەقیبە، پێشمەرگەیە، ئەوە بەرهەمی کوردستان لە مەهاباد کەهەتا ئەمڕۆ ماوەن ئاڵایە کوردستانە کە لە باشووری کوردستان هەڵدایتەوە و ئەو ئاڵایە ڕەمزی هەر چوارپارچەی کوردستانە، ئەو ئاڵایەی کە لە کاتی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا کە پێشەوای کوردان قازی محەمەد دایە دەستی بارزانیی نەمر کە بە ئەمانەت بپارێزێت ئەو ئاڵایە ئاواتی پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر بووە کە ئەمڕۆ بە ئازادی لە کوردستان و دام و دەزگایەکان دەدەڕوشێتەوە، بۆیە نابی ئەو دەسکەوتانە لە بیر بکەین لە سایەی ئەوان ئێمە ئەمڕۆ خاوەن ئاڵای کوردان و حکومەت و پارلەمان و خاوەن سەرۆک مسعود بارزانییەو وەکو باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئاشتی و سەرفرازی و تەبایی و بەرقەراری سەرەوری کوردستان.

لە یادی 74 ساڵەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و 73 ساڵەی تەسلیم کردنی ئاڵای کوردستان هەزاران سلاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی و بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس هەمیشە زیندوو و سەرجەم شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردستان.



کۆتاییهێنان به دەستوور



20 کۆتایی

مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

زاناکانی بواری یاسای دەستووری ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە دەستووریان دابەش کردووە بۆ دوو ڕێگای سەرەکی: ڕێگای ئاسایی (یاسایی) و ڕێگای نا ئاسایی (بە شورش یان کودەتا)، واتە دەتوانین بڵێین ڕێگای دیموکراتی و نادیموکراناتی. کە ئێمە دەڵێین کۆتایی هێنان بە دەستوور واتە مەبەستمان تەنها دەستوورە بەستەڵەکەکان و هەمیشەییەکانە، بەڵکو دەستووری نەرم و کاتی ناگرێتەوە، چونکە دەستووری نەرم لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەکرێت زۆر بە ئاسانی هەموار بکرێت یان کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە هەموار کردنی دەستووری نەرم بەهەمان ئەو دەسەڵاتە هەموار دەکرێت کە یاسا ئاساییەکان دەردەکات، واتە پەرلەمان.

بەڵام دەستووری بەستەڵەک بە ڕێگای جیاواز و سەخت هەموار دەکرێت یان کۆتایی پێ دەهێنرێت، زۆربەی دەستووری وڵاتان بەتایبەتی وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکان لە ناو خودی دەستووردا مادەیەکی تایبەت هەیە باس لە شێوازی هەموارکردنی دەستوور دەکات، بەڵام لە دەستووری بەستەڵەکدا زور کەم ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوە یان کۆتایی هێنانی دەستوور دەکات بۆ نموونە لە دەستووری کۆماری فەرەنسای ساڵی 1875 ئاماژەی بە کۆتایی هێنان بەدەستووری کردووە. بەڵام لە دەستووری ئێستای عێراقدا، واتە دەستووری ساڵی 2005 بە هەمان شێوە لە هەردوو مادەی 126 و 142دا باس لە شێوازی هەموار کردنی ئەم دەستوورە دەکات و ئەو ڕێگایانەی دیاری کردووە کە ئەم دەستوورە پێ هەموار دەکرێت، بەڵام هیچ مادەیەک لە ناو ئەم دەستوورەدا نییە کە باس لە کۆتاییی هێنانی دەستوور بکات. دەستووری ئێستای عێراق دەسوورێکی بەستەڵەکە و ئەو ڕێگایانەی ئەم دەستوورە پێ هەموار دەکرێت ڕێگای زۆر سەختن و هەموار کردن بە قوناغی سەختدا تێدەپەڕێت، کە هەمیشە دەستووری وڵاتانی فیدراڵی دەستووری بەستەڵەکن، چونکە هەر وڵاتێکی فیدراڵی لە پێکهاتە و نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکدێت، بۆ ئەوەی هیچ پێکهاتەیەک نەتوانێت دەستوور بەپێی بەرژەوەندی خۆی و حزبەکی هەموار بکات بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی لایەنەکانیتر.

هەروەها دەستووردان لە ڕووی دارشتنەوە دوو جۆرن دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی لەوکاتەی بارودۆخی وڵات ناجێگیرە یاخود لە دوای شورش یان کۆدەتاکان هەندێک لە وڵاتان دەستووریکی کاتی دادەنرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان دەستووری کاتی نییە و دەستووری هەمیشەیی دەستوور دەکەوێتە لەسەر بڕیاری ئەو کەسانەی کودەتا یان شورشیان ئەنجامداوە و هێزیان بەکار هێناوە بۆ گۆڕینی دەسەلات. ئایا کار بە دەستووری کۆن بکرێت یان کۆتایی پێ بهێنرێت. بۆ نمونە هەموو دەستوورەکانی فەرەنسا کە لە دوای شورشی فەرەنسی بڕیتی بوون لە 16 دەستوورە، هەمووییان لە ئەنجامی شورش و کودەتاکان نووسراونەتەوە. هەروەها هەموو دەستوورەکانی سوریا بە هۆی کودەتاکان کۆتاییان پێ هاتووە.

هەندێک لە زاناکان وەک ڕووداوێکی یاسایی سەیری شورش دەکەن، چونکە جیاوازی شورش لەگەڵ کودەتا ئەوەیە شورش لە هەناوی جەماوەرەوە هەڵدەقوڵێت و گەڵ بڕیاری خۆی دەدات بە گۆڕینی دەسەلات بە بەکارهێنانی هێز و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی باشتر، کە لە بەرژەوەندی گەلایە. بەڵام کودەتا پێچەوانەیە ئەو لایەنەی کودەتا ئەنجام دەدات بۆ ئەوەیە بچنە لوتکەی دەسەلات بە لادانی چەند دەسەلاتدارێکی دیاریکراو یان گۆڕینی هەموو دەسەلاتەکە خۆیان شوێنیان بگرنەوە، کەواتە لەوانەیە کودەتا لە بەرژەوەندی گەڵدا نەبێت، و تەنها لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدایە کە کۆدەتاکەی ئەنجامداوە، کەواتە ئەمەش ڕێگایەکی ناشەرعیە. بەڵام شورش بە پێچەوانەوە شەرعیەتێک دەگۆڕێت بۆ شەرعیەتێکیتر، واتە دەیانەوێت سیستەمی دەسەلات بەتەواوەتی بیگۆڕن، چونکە کەسانی شورشگێڕو شورش ئەنجام دەدەن هەمیشە خاوەن فەلسەفە و ڕوئیای تایبەتن جیاواز لە فەلسەفەی دەسەلاتی پێشتر.

هەروەها کۆتای هاتنی دەستوور لە ئەنجامی سەرکەوتنی شورش یان کودەتا کار ناکاتە سەر یاسا ئاساییەکان، ئەم یاسایانە ناگۆڕێن و کاریان پێ ناکرێت، وەک یاساکانی باری کەسی و بازرگانی و شارستانی و ...تاد، تا دەسەڵاتی نوێ بریاری هەموار کردن یان گۆڕینی دەدات، تەنها ئەو یاسایانە نەبن ئەوانەی پێچەوانەی بنەماکانی سیستەمی نوێی دەسەلاتن.

هەروەها لە دوای شورش و کودەتاکان هەندێک بنەمای دەستووری وەک یاسای ئاسایی کاریان پێ دەکرێت. بۆنمونە وەک مادەی پێنجی دەستووری فەرەنسای ساڵی 1848 کە تێداهاتبوو نابێت کەس لەسەر کاروباری سیاسی لە سێدارە بدرێت. ئەم مادەیە وەک یاسایەکی ئاسایی کاریان پێ دەکرد، سەرەڕای هەلوەشاندنەوەی ئەم دەستوورە.

هەندێک لە زاناکانی یاسای دەستووری دەڵێن لەکاتی کوتایهاتنی دەستوور تەها کوتای بە مادە بابەتیەکان دێت کە تایبەتن بە سیستەمی دەسەلات کە شورشیان لە دژی کردووە. بەڵام مادە شکلیەکان لە کاتی کوتای هاتنی دەستوور بە ڕای زوربەی زاناکان وەک یاسای ئاسایی کاریان پێ دەکرێت.

ڕێگای تری کۆتایی هێنان بە دەستوور بریتییە لە لەکار کەوتنی خۆبەخۆی دەستوور وەک هەلوەشاندنەوەی دەولەتێکی فیدرالی بو چەند وڵاتێکی سەربەخۆی بچوک لەو کات دەستووری فیدرالی هەلدەوەشێتەوە و سەرلەنوێ هەرێەک لەم وڵاتە نوێ دروستبووانە دەستوورێکی تایبەت بەخۆیان دەنوسنەوە. هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چەند وڵاتێک یەکبگرن و وڵاتێکی نوێی فیدرالی پێکبێنن لەو کاتیش دەستووری هەموو وڵاتەکان کوتایی پێدێت و سەرلەنوێ دەستوورێکی تایبەت بو وڵاتی فیدرالی دەنوسرێتەوە و هەرێمەکانیش دەتوانن هەرێەکەیان دەستوورێکی تایبەت بە خۆیان بنووسنەوە.

دەستوور دەکەوێتە لەسەر بڕیاری ئەو کەسانەی کودەتا یان شورشیان ئەنجامداوە و هێزیان بەکار هێناوە بو گۆڕینی دەسەلات. ئایا کار بە دەستووری کۆن بکرێت یان کۆتایی پێ بهێنرێت. بو نمونە هەموو دەستوورەکانی فەرەنسا کە لە دوای شورشی فەرەنسی بڕیتی بوون لە 16 دەستوورە، هەمووییان لە ئەنجامی شورش و کودەتاکان نووسراونەتەوە. هەروەها هەموو دەستوورەکانی سوریا بە هۆی کودەتاکان کۆتاییان پێ هاتووە.

هەندێک لە زاناکان وەک ڕووداوێکی یاسایی سەیری شورش دەکەن، چونکە جیاوازی شورش لەگەڵ کودەتا ئەوەیە شورش لە هەناوی جەماوەرەوە هەڵدەقوڵێت و گەڵ بڕیاری خۆی دەدات بە گۆڕینی دەسەلات بە بەکارهێنانی هێز و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی باشتر، کە لە بەرژەوەندی گەلایە. بەڵام کودەتا پێچەوانەیە ئەو لایەنەی کودەتا ئەنجام دەدات بو ئەوەیە بچنە لوتکەی دەسەلات بە لادانی چەند دەسەلاتدارێکی دیاریکراو یان گۆڕینی هەموو دەسەلاتەکە خۆیان شوێنیان بگرنەوە، کەواتە لەوانەیە کودەتا لە بەرژەوەندی گەڵدا نەبێت، و تەنها لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدایە کە کۆدەتاکەی ئەنجامداوە، کەواتە ئەمەش ڕێگایەکی ناشەرعیە. بەڵام شورش بە پێچەوانەوە شەرعیەتێک دەگۆڕێت بو شەرعیەتێکیتر، واتە دەیانەوێت سیستەمی دەسەلات بەتەواوەتی بیگۆڕن، چونکە کەسانی شورشگێڕو شورش ئەنجام دەدەن هەمیشە خاوەن فەلسەفە و ڕوئیای تایبەتن جیاواز لە فەلسەفەی دەسەلاتی پێشتر.

هەروەها کۆتای هاتنی دەستوور لە ئەنجامی سەرکەوتنی شورش یان کودەتا کار ناکاتە سەر یاسا ئاساییەکان، ئەم یاسایانە ناگۆڕێن و کاریان پێ ناکرێت، وەک یاساکانی باری کەسی و بازرگانی و شارستانی و ...تاد، تا دەسەڵاتی نوێ بریاری هەموار کردن یان گۆڕینی دەدات، تەنها ئەو یاسایانە نەبن ئەوانەی پێچەوانەی بنەماکانی سیستەمی نوێی دەسەلاتن.

هەروەها لە دوای شورش و کودەتاکان هەندێک بنەمای دەستووری وەک یاسای ئاسایی کاریان پێ دەکرێت. بۆنمونە وەک مادەی پێنجی دەستووری فەرەنسای ساڵی 1848 کە تێداهاتبوو نابێت کەس لەسەر کاروباری سیاسی لە سێدارە بدرێت. ئەم مادەیە وەک یاسایەکی ئاسایی کاریان پێ دەکرد، سەرەڕای هەلوەشاندنەوەی ئەم دەستوورە.

هەندێک لە زاناکانی یاسای دەستووری دەڵێن لەکاتی کوتایهاتنی دەستوور تەها کوتای بە مادە بابەتیەکان دێت کە تایبەتن بە سیستەمی دەسەلات کە شورشیان لە دژی کردووە. بەڵام مادە شکلیەکان لە کاتی کوتای هاتنی دەستوور بە ڕای زوربەی زاناکان وەک یاسای ئاسایی کاریان پێ دەکرێت.

ڕێگای تری کۆتایی هێنان بە دەستوور بریتییە لە لەکار کەوتنی خۆبەخۆی دەستوور وەک هەلوەشاندنەوەی دەولەتێکی فیدرالی بو چەند وڵاتێکی سەربەخۆی بچوک لەو کات دەستووری فیدرالی هەلدەوەشێتەوە و سەرلەنوێ هەرێەک لەم وڵاتە نوێ دروستبووانە دەستوورێکی تایبەت بەخۆیان دەنوسنەوە. هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چەند وڵاتێک یەکبگرن و وڵاتێکی نوێی فیدرالی پێکبێنن لەو کاتیش دەستووری هەموو وڵاتەکان کوتایی پێدێت و سەرلەنوێ دەستوورێکی تایبەت بو وڵاتی فیدرالی دەنوسرێتەوە و هەرێمەکانیش دەتوانن هەرێەکەیان دەستوورێکی تایبەت بە خۆیان بنووسنەوە.

کۆتایی هێنانی دەستوور بە ڕێگای نائاسایی (شورش یان کودەتا):

هەر چەندە کوتای هێنانی دەستوور بە ڕێگای ئاسایی بەبێ تووندو تیژی و بە کارهێنانی هێزو بە شێوەیەکی ئاشتیانە و یاسایی کۆتایی بە دەستوور دەهێنرێت و دەستوورێکیتر لە شوێنی دەنووسرێتەوە، بەڵام ڕێگای نائاسایی پێچەوانەی ئەم ڕێگایەیە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی هێز و شەر و کودەتا بەسەر دەسەلاتی وڵاتدا و لە ئەنجامی سەرکەوتنیان بەسەر دەسەلاتدا ڕاستەوخۆ دەستوور هەلدەوەشێتەوە و بوشایی دەستووری دروست دەبێت، کەواتە بەگشتی کارپێکردن یان کار پێنەکردنی دەستوور بێنێت؟ لە وەڵامدا هەموو زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناتوانێت، چونکە نووسینەوە و کۆتایی هێنان بە دەستوور لە دەسەلاتی گەڵدایە نەک لە دەسەلاتی لێژنەی هەموارکەری دەستوور، بەلکو ئەم کارە لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا بە هۆی کۆمەڵەی دامەزرێنەری دەستوور ئەنجام دەدرێت کە تایبەت بو ئەم کارە دامەزراوە یاخود لە ڕێگەی ڕاپرسی گەڵ لێژنەیەک دادەمەزرێت بو ئەم دەستوورە پێداویستیەکانیان و ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر ناکات. لەبەر ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیانەی لە وڵاتدا ڕوودەدەن. تا چارەسەری هەموو ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیانە بکات. یاخود لەو کاتەی شەری چەکداری و دوژمنکاری ڕوو لەوڵات دەکات و مەترسی دەکەوێتە سەر وڵات و دامودەزگا دەستوورییەکان، لەوانەیە لەو کات سەرۆکی وڵات یان دەزگایەکیتر دەسەلاتی تایبەت بەکار بێنێت و گوێ بە دەستور نەدات. چونکە هەموار کردنی دەستور بریتییە لە پرکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان دەستوور و واقعی کردەیی و سیاسی وڵاتدا دروست دەبێت.

کۆتایی هێنانی دەستوور بە ڕێگای ئاسایی (یاسایی):

بە پێی ئەم ڕێگایە دەکرێت کۆتایی بە دەستووری وڵا بهێنرێت و کار بە ماددەکانی نەکرێت بە پێی ئەو ڕێ و شوێنانەی لە خودی ئەم دەستوورەدا دیاری کراون بو هەموار کردن یان کۆتایی پێ هێنان، بەبێ ئەوەی پەنا بو توند و تیژی و هێز ببرێت و دەستوورێکی نوێ لە شوێنی دەستووری کۆن بنوسرێتەوە. ئەم کارەش بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت: یەکەمیان بە هۆی دامەزراندنی لێژنەیەکی تایبەت بو ئەم مەبەستە کە پێی دەڵێن کۆمەڵەی دامەزرێنەری دەستوور. دووەمیان بە هۆی ڕاپرسی گەڵ لێژنەی دامەزرێنەری دەستوور دادەمەزرێت و دواتریش ڕاپرسی لەسەر دەستووری نووسراو دەکرێ پاشان دەچێتە واری جێبەجێ کردنەوە، کە لە هەر وڵاتێک شێواز و میکانیزمێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بو هەموار کردن و کوتایی هێنان.

لێرەدا پرسیارێکمان دێتە پێش ئایا لێژنەی هەموارکەری دەستوور دەتوانێت کۆتایی بە هاوڵاتیان هەستی پێکرد کە ئەم دەستوورە پێداویستیەکانیان و ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر ناکات. لەبەر ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیانەی لە وڵاتدا ڕوودەدەن. تا چارەسەری هەموو ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیانە بکات. یاخود لەو کاتەی شەری چەکداری و دوژمنکاری ڕوو لەوڵات دەکات و مەترسی دەکەوێتە سەر وڵات و دامودەزگا دەستوورییەکان، لەوانەیە لەو کات سەرۆکی وڵات یان دەزگایەکیتر دەسەلاتی تایبەت بەکار بێنێت و گوێ بە دەستور نەدات. چونکە هەموار کردنی دەستور بریتییە لە پرکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان دەستوور و واقعی کردەیی و سیاسی وڵاتدا دروست دەبێت.

کۆتایی هێنانی دەستوور بە ڕێگای ئاسایی (یاسایی):

بە پێی ئەم ڕێگایە دەکرێت کۆتایی بە دەستووری وڵا بهێنرێت و کار بە ماددەکانی نەکرێت بە پێی ئەو ڕێ و شوێنانەی لە خودی ئەم دەستوورەدا دیاری کراون بو هەموار کردن یان کۆتایی پێ هێنان، بەبێ ئەوەی پەنا بو توند و تیژی و هێز ببرێت و دەستوورێکی نوێ لە شوێنی دەستووری کۆن بنوسرێتەوە. ئەم کارەش بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت: یەکەمیان بە هۆی دامەزراندنی لێژنەیەکی تایبەت بو ئەم مەبەستە کە پێی دەڵێن کۆمەڵەی دامەزرێنەری دەستوور. دووەمیان بە هۆی ڕاپرسی گەڵ لێژنەی دامەزرێنەری دەستوور دادەمەزرێت و دواتریش ڕاپرسی لەسەر دەستووری نووسراو دەکرێ پاشان دەچێتە واری جێبەجێ کردنەوە، کە لە هەر وڵاتێک شێواز و میکانیزمێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بو هەموار کردن و کوتایی هێنان.

لێرەدا پرسیارێکمان دێتە پێش ئایا لێژنەی هەموارکەری دەستوور دەتوانێت کۆتایی بە

سەربەخۆیی کوردستان و ئەقڵییەتی لۆکاڵ



محمد عمرپێنجوێنی

کاتێک باس لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: ئایا هەلومەرجەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە عێراقدا پێگەیشتووە؟ بێگومان کوردی عێراق ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە سەربەخۆییەکی ئەمری واقیعیان هەیە، لە ئێستاشدا کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕاستەقینە ڕووبەڕووی عێراق و تورکیا بۆتەوە، ئەوا سەربەخۆیی فەرمیش لەناو دەستی کورددایە.

ڕاشکاوانەتر شکستی دەوڵەتی عێراق و لەبەریەک هەڵوەشانی سووریا و ئەو گۆڕانکارییانەی لە تورکیادا ڕوویان داوە، هەڵێکی لەباری بۆ کورد هێناوەتە ئاراوە. ڕاستە ئەم هەلومەرجە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە کورد بگوترێت (شا دروستکەر)ی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە، بەڵام سیاسەتی کورد و هێزە سەربازییەکەی بوونە ئەو فاکتەرەی بە باشی لەناو جیۆپۆلیتکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گەشە دەکەن، ئەم حاڵەتە نەک هەر تەنیا تەحەددییەکی تازەی بەرهەمهێناوە، بەڵکو ئەگەری نوێی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا بەرهەمهێناوە. کاتێک دۆنالد ترامپ ئیدارەی خۆی پێکهێنا، بەرپرسانی ئیدارەی ترامپ لەو ڕوانگەیەوە سەیری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دوای شەڕی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ و ڕەقەیان دەکرد، کە دەبێت هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش، بەشێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ترامپ جەخت لە سەرئەوە دەکەنەوە نفووزی خۆیان بەکاربهێنن و لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونە سیاسییەکان بیگونجێنن لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا. لەوانەیە پەکەکە و پەیەدە نەتوانن سوود لەم هەلە وەربگرن، بەڵام کورد لە کوردستان لە پێگەیەکی زۆر باشدان بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێن، لەم پرسەشدا ئاستەنگی گەورە لەبەردەمیان دەمێنێت، بەڵام بە پێکەوەگرێدانەوەی سەقامگیریی هەرێمی و ئازادکردنی موسڵ و بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق، ئەوا ئەمانە دەبنە هۆکار و پاڵنەر بۆ ئەوەی ئەمانجە میژوویییەی کورد بێتەدی. مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کوردستان لە دوای ئازادکردنەوەی شارۆچکەی باشیک سەردانی ئەو شارۆچکەیەی کرد و لەوێ ڕایگەیاند: دەوڵەتی عێراق شکستی هێناوە. هەروەها لە شوباتی 2016ش ڕایگەیاند: بوونی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەقیقەت و واقیعییە، بۆیە کوردیش حەقی خۆیەتی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە بە مافەکانی خۆی بگات، ئەو مافانەی کە سرووشتین و پەروەردگار پێی بەخشیوە، بۆیە ناکرێت لەڕێر هیچ بڕوبیانوویەکدا نکۆڵییان لێ بکرێت. بێگومان لێدوانەکانی سەرۆک مسعود بارزانی کورت و پڕمانان. لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، ئیدی هۆکارگەلێکی زۆر کەم دەمێنن کە کورد لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە. بۆیە لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا پێویستە ئەمەی کورد ورد ورد لە پێشهاتەکان بڕوانین و لەسەر بنەمای ئەو پێشهاتانە یەک دەست و یەک دەنگ و یەکڕێنک بڕیار لە داهاتوومان بدەین.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی بنصلاوە ژمارەی پسوولە ٠١٢٢٩٩٧ بەرواری ٢٠١٩/٤/٢ بەبری ٢٥٥٠٠٠ هەزار دینار بەناوی فرهنگ مجید احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ١٣٢٢٢٥ بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٣ بەبری ١٠٠٠٠٠ بەناوی خونجە علی رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ١٣٢٢٢٣ بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٣ بەبری ١٠٠٠٠٠ بەناوی خونجە علی رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٣٢٢٢٤ بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٣ بەبری ١٠٠٠٠٠ بەناوی خونجە علی رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٣٧٢٧ بەرواری ٢٠١٩/١٠/٧ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فرهاد خضر احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٧٨٣٠ بەرواری ٢٠١٩/٩/٨ بەبری ٢٠٠٠٠٠ بەناوی اکرم اومر حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٢٧٩٦١٩ بەرواری ٢٠١٩/٤/٤ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی عمر صابر عبداللە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة الاحوال الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : باسم محمد خلف
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (الهام ابراهيم يونس) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / عبدالكريم محمد صادق

***

محكمة احوال شخصية اربيل/١
العدد: ٤١٧٦/ش/٢٠١٩/١
التاريخ: ٢٠١٩/١٢/١٦
اعلان
الى/ المدعى عليه (عمار سامى احمد) محل اقامتك مجهول
قررت هذه المحكمة فى الدعوى المرقمة (٤١٧٦/ش/٢٠١٩) بتاريخ ٢٠١٩/١٢/١١ التفريق القضائى بينك وبين (وجدان محمد احمد) و ذلك بسبب الهجر و لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قرية (الصقور) التابعة لقضاء تكريت تقرر تبليغك بواسطة جريدتين يوميتين محليتين ولك حق الاعتراض و التمييز خلال المدة القانونية البالغة (١٠) عشرة ايام من يوم النشر، و بعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.
القاضى/ ديار محمد على

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٤٣ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو/ مشتاق احسان رمضان
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (مها محمد محو) داوای ژمارە ٤٣ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (گەرانەوەی زێر دەکات) ئەم دادگا لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ بریاری کۆتایی بە پاشملە دەرکردووە بە (التزام کردنی داوالێکراو بە گەرانەوەی ئەو زێرانەی کە داواکار داوای کردووە = لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ٥ حصارۆك – شاری زیلان بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەبریارەکە بۆ دەربچێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان تێبەڵچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٥
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای بەسود ب.ر.ك/ ازاد عزیز محمد مصطفی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٢ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (رێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- کۆمپیرسەی هەوایی ٣ پارچەیی ژمارە/ ١٣٠٣٧٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ توانای K.W١٥.
٢- شوشتن و کەپسکردن و ووشك کردنەوە ژمارە/ ١٦٤٩٢٠٢٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ توانای K.W٤٩.
٣- پرینی جام ژمارە/ ١٦٩٢٠١٠٢٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٧,٥.
٤- کەتەری پرینی ئەلەمنیۆم زاویە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٥- کرێنی سەقفی ٦ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٦- هەڵگرتنی تلیشەی جام ژمارە/ ١٦٦٥٠٠٠٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ توانای K.W٠,١٢.
٧- دوو کەتەری پرینی تلیشە ژمارە/ ٠١١٠٠١٧٠٦٤٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ توانای ٨٣,٤ دووەم بێ ژمارە.
٨- تێکردنی سلیکۆن ژمارە/ ٠٩١٢١٠٠٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٤.
٩- تێکردنی مانع رتوبە ژمارە/ ١٦١١٤٠٠١٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ توانای K.W١,٢. خومرە.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٧/٤٢٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
ئاگاداری
بۆ/ ڕێبین عبدالرحمن سعید
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (محمد شرین سلیمان) کە بڕی (٢٢٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٣٩٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ حمید حمدامین سلیمان
داواکاران/ (ولید محمد سعید) و (دلخواز محمد سعید) و (هاشم خضر حسن) و (قاسم خضر حسن) و (رونك حمدامین سلیمان) و (لیلی حمدامین سلیمان) / بریکاری پارێزەریان: ئارام جمیل حسن.
داواکاران داوای بەرایی ژمارە (٣٩٦/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەیان داوای نەهێشتنی هاوبەشی (ازالە شیوع) ی مولکی (١٢١/ك/١ بساتین) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری شەقڵاوە بۆیە ڕادەگەیەنین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١/١٣) ئامادەبیت یان بریکارت بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٣٩٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ حمید حمدامین سلیمان
داواکاران/ (ولید محمد سعید) و (دلخواز محمد سعید) و (هاشم خضر حسن) و (قاسم خضر حسن) و (رونك حمدامین سلیمان) و (لیلی حمدامین سلیمان) / بریکاری پارێزەریان: ئارام جمیل حسن.
داواکاران داوای بەرایی ژمارە (٣٩٧/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەیان داوای نەهێشتنی هاوبەشی (ازالە شیوع) ی مولکی (١٢٠/ك/١ بساتین) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری شەقڵاوە بۆیە ڕادەگەیەنین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١/١٣) ئامادەبیت یان بریکارت بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ١٣١٠/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (نجم الدین عبدالله حسن) و (اسعد عبدالله حسن) و (حوریه عبدالله حسن) داواکار (غریبه اسعد شاهین) داوای ژمارە (١٣١٠/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراوان (نجم الدین عبدالله حسن) و (اسعد عبدالله حسن) و (حوریه عبدالله حسن) ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/١١/١٠) بریاریدا بە نەهێشتنی هاوبەشی لە شوقەی ژمارە (١٠٦/٩٣ م ٤٥ وارش) بە فرۆشتن وە دابەشکردنی نرخەکەی بەسەر هاوبەشەکانی هەر یەك و بەپێی بەشی خۆی بەپێی مناسخە رێکخراو لەلایەن لێژنی مناسخ (شکور ایوب عبدالکریم) ئەوەی کە دادەنرێت بەبەشێك لەو بریارە بۆ مەبەستی جێبەجێکردن وە لەپاش وەرگرتنی تەواوی ڕەسمی داواو باجی لەسەر خانووەکە وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ئیسکان وە ناحیەی قوشتەپە) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنتان لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنتان وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێبەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لەبریاری پاشملە دادگا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

دادگای باری کەسایەتی باتیفا
ژمارە: ٨٦/ش/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگەهدارکرن
داواکار/ وفاء اغاك اغوك/ بڕیکارێ وێ (شیروان محمود مشختی)
داوالێکراو/ ادریس محمد حاجی/
ناحیا باتیفا- گەرەکا باتیفا کەڤن- جهێ ئاکنجی بوونا نوکە نەیا دیارە.
بو داوالێکراو (ادریس محمد حاجی)
ئەڤێ دادگەهێ بریارا پاشملە یا لسەری دیارکری دەرحقێ تە دا ل رێکەفتی (٢٠١٩/١١/١٤) ب ژێك جودابونێ (ایقاع التفریق) نافبەرا تە و هەڤژینا تە داواکارا لسەر دیارکری لدیف بەندی (٤٣/یەکەم/٢/و ٤٥) ژ یاسا بارێ کەسی یا راستڤەکری و هاتە دانان وەکو تەلاقەکا (بائن بینونة صغری) یا کەفتی جارا ئیکێ و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تەو ل دیف دەقی یاسایی کو پیتڤیە ئاگەهداریا تە ب بریارا ناڤبری بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێن رۆژانە و تە مافێ نەرازیبوونێ و پێداچوونێ یێ هەیی دماوەیێ یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنبەر دێ وەرگریت.
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی

***

دادگای باری کەسایەتی باتیفا
ژمارە: ٨٦/ش/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگەهدارکرن
داواکار/ وفاء اغاك اغوك/ بڕیکارێ وێ (شیروان محمود مشختی)
داوالێکراو/ ادریس محمد حاجی/
ناحیا باتیفا- گەرەکا باتیفا کەڤن- جهێ ئاکنجی بوونا نوکە نەیا دیارە.
بو داوالێکراو (ادریس محمد حاجی)
ئەڤێ دادگەهێ بریارا پاشملە یا لسەری دیارکری دەرحقێ تە دا ل رێکەفتی (٢٠١٩/١١/١٤) ب ژێك جودابونێ (ایقاع التفریق) نافبەرا تە و هەڤژینا تە داواکارا لسەر دیارکری لدیف بەندی (٤٣/یەکەم/٢/و ٤٥) ژ یاسا بارێ کەسی یا راستڤەکری و هاتە دانان وەکو تەلاقەکا (بائن بینونة صغری) یا کەفتی جارا ئیکێ و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تەو ل دیف دەقی یاسایی کو پیتڤیە ئاگەهداریا تە ب بریارا ناڤبری بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێن رۆژانە و تە مافێ نەرازیبوونێ و پێداچوونێ یێ هەیی دماوەیێ یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنبەر دێ وەرگریت.
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (حسیب انور حمد) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٩٢٨٥
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مازی) بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی/سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسرا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (میردین للمقاولات الانشائیه / المحدودة) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (میردین للمقاولات الانشائیه / المحدودة) بۆ کومپانیا (حصن میردین للمقاولات الانشائیه / المحدودة) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەدەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٩٢٨٠
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (تاك)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (یاسین علی احمد) بۆ کرین و فرۆشتنی خانووبەرە/تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو ئەم بریارە نووسرا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٤٥٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حسیب انور حمد) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (حسیب انور حمد) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دیار نوری باپیر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩٢٧٧
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (تاك)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاروان ادهم محمد) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٣٤٦
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مازی) بۆ پەلەوەری/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە:٤٩٢/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٥
جاردان
بۆ/ داواليّكراو (زمن رزگار احمد)
شوێنی دانیشتن نادیارە.
ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٤٩٢/ش/٢٠١٩) کـە تایبەتـە بـە داواکار (شـیڤان ابراهیـم محمـد) دادگا لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/١٢/٥ بریـاری دا بـە (تصدیـق طـلاق خارجـی) لـە نێـوان تـۆ و هاوسـەرەکەت بەنـاوی (شـیڤان ابراهیـم محمـد) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت نادیـارە بـە پێـی ئیشـعاری موختـاری گەرەکـی شـەهیدان/ ناحیـەی رزگاری بریاریـدا بـە پێراگەیاندنـت بـە دوو رۆژنامـەی ناوەخـۆی بۆیـە تـۆ مافـی پێدانچوونـەوەو ناڕەزایـت هەیـە لەمـاوەی (١٠) رۆژ لـە پێراگەیاندنـت بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبـڕی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.
دادەر/ مسعود سعید صدیق
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٢
بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (سرکـوت عبدالـرزاق مشـیر) لـە بـەرواری ٢٠١٩/١٢/٨ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پیشەسـازی باشـوور) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە رێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی راگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە رۆژدا, واتـە رۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازیبـوون بۆمـاوەی حـەوت رۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار, بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دانوسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.
دادنووس/ بوتان کامیران میران

ئامێرەکان:
١ – یـەك دانـە ئامێـری خەباتـە معجـون بـێ ژمـارە دروسـتکراوی خۆمالـی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٣ بەیـەك ماتـۆری کارەبـای کاردەکات نـرخ/١,٠٠٠,٠٠٠.
٢- یانـزە دانـە ئامێـری قالـب بـێ ژمـارەن دروسـتکراوی تورکیـن مۆدێـل ٢٠١٨ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١١ بـە یانـزە هـەزەی کارەبـای کاردەکەن نـرخ/١١,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێـری کۆمپرێسـەری هـەوا بـێ ژمـارە دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٣ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٣ بەیـەك ماتـۆری کارەبـای کاردەکات نـرخ/٦٠٠,٠٠٠.
٤- ئامێـری بەرهـەم هێنانـی کارەبـا بـێ ژمـارە دروسـتکراوی خۆمالـی مۆدێـل ٢٠١٨ جـۆری سـوتەمەنی گاز توانـای K.V.A١٨ بـە تەولیـدی میکانیکـی و گاز کاردەکات نـرخ/٢,٥٠٠,٠٠٠.
* * *
دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /٣٧٥/ ب/٢٠١٩
التاریخ/ ٢٠١٩/١٢/١٦
ئاگەهداری
بۆ داواليّكراو /(عبدالقهار نوری غنی صبغه الله) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو – مجمع صلاح الدین , جهێ ئاکنجیبینا نوکه نه دیاره .
ڤـێ دادگەهـێ ل روژا (٢٠١٩/١٢/٨) ل داوا ژمـارا (٣٧٥/ب/٢٠١٩) بریـار دا ب راستڤەکرنا دابەشناما یاسـایی ، و ژبـەر نـە دیاربینـا جهـێ ئاکنجیبینـا تـە لدیـڤ نڤیسـارا بنگەهـێ پولیسـێن (زاخـو) یـا ژمـارە (٣٨٢٥) ل رێکەفتـی (٢٠١٩/١٢/١١) وهەڤپێـچ دگـەل پەسـەندا هەلبـژارێ تاخـێ صـلاح الديـن ٢ کـو تێـدا هاتیـە دیارکـرن ((نافـێ وی دتومـارا تاخـێ مـەدا هەیـە بەلـی نوکـە ئـەم نزانـن ئاکنجـی کیڤەیـە وجهـێ ئاکنجیبونـا وی نـە دیـارە)) , ژبـەر دیـار نەبینـا جهـێ ئاکنجیبینـا تـە دادگەهـێ بریـاردا ب بەلاڤکرنـا ڤـێ ئاکەهداریـێ د دوو رۆژنامـە پێـن نافخویـی و رۆژانـە دا ، دا تـو بهێـێ ئاگەهدارکـرن ب بریـارێ ، وئـەڤ بریـارە هەلاویسـتیە لسـەر سـیندخارنێ لدەمـێ نکولـێ و نەرازیبوونـێ و تـە مافـێ نەرازیبیـن و تێهەلچوونـێ و پێداچوونـێ هەیـە دمـاوێ یاسـاییدا و بەروڤـاژی بریـار دێ پـلا دوومانهێکـی وەرگـرت ...
دادەر/ یوسف الیاس سدن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٤٤٣ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/١٢/١٢/٢٠١٩
راگەهاندن
بۆ/داواليّكـری (ایـاز اسـماعیل جـادر) جهـێ ئاکنجیـێ نەدیـارە ڤـێ دادگەهـێ ددواياـا ژمـارە ١٤٤٣/ب/٢٠١٩ رێکەفتـی ١٤/١٠/٢٠١٩ بریـاردا دانـا تـە بـو داواکار (سـعید عبداللـه طاهر/رێڤەبـەری رێپێـدای کومپانیـا چرانـی یـا بازرگانیـا گشـتی زیدەبـاری کاری وی) کۆژمـێ پـارە (٥٧٣٧٥٠) پێنـج سـەدو حەفتـی وسـێ هـزار وحەفـت سـەدو پێنجـی دینـاری دگـەل مەزاختنێـن داوایـێ ومانـدی بونـی پارێـزەر یـا بریکارێـن داواکاری پارێـزەر (هـلات عبدالمجیـد عبدالحمیـد) کۆژمـێ پـارە (٥٧٣٧٥) پێنجـی وحەفـت هـزار وسـێ سـەدو حەفتـی وپێنـج دینـار وژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نڤیسـارا پولیسـێن زاویتـە ژمـارە (٤٣٥٦) رێکەفتـی ٢٠١٩/١١/١٢ وڤـەژارا هەلبژارتیـێ کونـدی (ئیمنکـێ) رێکەفتـی ٢٠١٩/١١/١٢ ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێـێ ئاگەهدارکـرن بریـارا ناڤبـری ڤـێ دادگەهـێ بریکـا دوو رۆژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینیـا شارسـتانی وتـە مافـێ نەرازیبونـی وتێهەلچوونـی وپێداچوونـی هەیـە دمـاوی یاسـایی دا بەروڤـاژی دی بریـار پـلا ڤەبـر وەرگریـت ل دیـف یاسـایی
دادەر / عزیز محمد سعید
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە : ٢٩٥٨ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ١١ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / محمد عزیز قادر ناونیشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو / خاتوون روستمی
ناونیشان : نادیارە
داواکار (محمـد عزیـز قـادر) داوایەکـی بـە ژمـارە (٢٩٥٨ / ش / ٢٠١٩) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت وە ئـەو دادگایـە بریـاری لای خـۆی دەرکـرد لەبـەرواری (٢٠١٩/١١/٢٤) بڕیاریـدا بـە (پەسـەندکردنی تەڵاقـی دەرەکـی)، وە لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگا بریـاری دا ئاگادارتـان بکاتـەوە بـە هـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـەوە ئەگـەر لـە مـاوەی یاسـاییدا هەڵنەسـتیت بـە تانەلێدانـی پێداچونـەوەی بڕیارەکـە ئـەو بڕیـارە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.
دادەر / د. سردار علی عزیز
* * *
دادگای باری کەسێتی پێنجوێن
ژمارە : ١٣٣ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ٨ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگادارکردنەوە
داواکار / فاطمه غفور صالح
داوالەسەرکراو / شەمسه سعید علی
بۆکەسی سێیەم / هادی غفور صالح
حمه امین غفور صالح
عثمان غفور صالح
گلاوێژ غفور صالح
داواکار داوایەکـی تۆمارکـردووە لـەم دادگایـە بـە ژمـارە (١٣٣ / ش / ٢٠١٩) کـە تیایـدا داوای (سـەڵماندنی ڕەچەڵـەك) دەکات لەداوالەسـەرکراو و هاوسـەری کۆچکـردوی (غفـور صالـح قـادر) وە دادگا بڕیاریـدا بـە هێنانـە ناوەوەتـان بـۆ نـاو داواکـە وەکـو کەسـی سـێیەم وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونتان نادیـارە لـە ئێسـتادا دادگا بڕیاریـدا بـە ئاگادارکردنەوەتـان لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆییـەوە تـا لـە دادبینـی رۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٩) کات (٩:٣٠) ی سـەر لـە بەیانـی ئامادەبـن لـەم دادگایـە خۆتـان یـان بریکارەکەتـان وە بـە پێچەوانـەوە دادگا داواکـە دەبینێـت بـە گوێـرەی یاسـا.
دادەر / دانا محمود حمه صالح
* * *

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Senior Civil Engineer**
Direct Supervisor	Drilling Superintendent
Department	Exploration and Production
Job Location	Suliamaniy Office with frequent travel to field
Job Reference: SCE/D/Dec/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Manages construction activities by coordinating with the drilling team and other concerned parties. Takes the lead in planning corrective maintenance activities of the civil engineering team to assist in managing related civil operations.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
Project Planning & Execution

1. Coordinates all construction related activities required to support the Drilling Department, including drilling locations, access roads, camps, road maintenance, clean-ups and environmental issues.
2. Prepares scope of work for drilling related construction projects. Prepares construction cost estimates for AFE preparation.
3. Arranges surveying and staking of proposed well sites. Organizes location scouting and reports results/recommends location moves. Arranges initial and final location surveys and correlates results.
4. Coordinates water well permitting and drilling. Prepare PR and follow up orders for all water wells and construction related equipment (water pumps, pipe, pit liners etc.)
5. Prepares documentation for various approvals prior to construction commencing. Prepares work orders and obtains the necessary management approvals.
6. Prepares and issues construction tender documents. Analyses tenders and makes recommendations to management.
7. Receives correlates and consolidates daily field construction reports.
8. Conduct after actions reviews, and incorporation of lessons learned to enhance learning efficiency of the organization. Provides technical trouble shooting when problems occur.
9. Work with WDP teams to select optimal sites for the Khormor and Chemchamal development wells
10. Design well pads and access roads according to WDP well selection and approved Crescent standard and write scopes of work for these pads and roads
11. Estimate number of days required to complete these works
12. Instigate tender process for these works
13. Evaluate tenders and recommend contractors
14. Develop a project plan with the approved contractor(s) to deliver the works on schedule
15. Supervise, coordinate and control all engineering construction activities
16. Review and approve all detailed design, drawings and documents.
17. Ensure specifications and standards are complied with.

Crescent Petroleum

18. Manage and gain approval for - through an MOC process- any site design changes as per site conditions.
19. Ensure project HSE targets are met or exceeded.
20. Report progress daily with a comparison of actual versus planned progress

Health and Safety

21. Implements all HSE guidelines and regulations and ensures compliance with acceptable norms and standards.

Leadership

22. Provides strategic leadership and planning capability to the engineering team by setting individual goals, managing performance, developing and motivating staff, provision of formal and informal feedback and appraisal to maximize subordinate and departmental performance.

Reporting and Communication

23. Reports to the Drilling Superintendent on all issues relating own responsibilities.
24. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

25. Conducts studies to identify areas for improving facilities s on a continuous basis to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Drilling Superintendent	Daily
Subsurface Manager	If required

Supervisory Responsibility

Civil Engineers

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's or master's degree in Civil Engineering, or equivalent technical field

Minimum Professional Experience Required

Minimum 10-15 years' experience in civil operations and engineering.

Crescent Petroleum

Specific Requirements and Conditions

Middle East Experience mandatory (preferably experience in Kurdistan)

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioural Competencies	Functional Competencies
• Excellent organizational and planning skills • Excellent supervisory and mentoring skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to work under stress • Trouble shooting and problem-solving skills required	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of personnel is not jeopardized • Well-developed interpersonal skills • Multi-tasking skills • Cultural awareness • Team player • Ability to work with personnel from various backgrounds	• Good understanding of drilling rig location construction • In-depth understanding of oil and gas production equipment and processes beneficial • Excellent project management skills • Excellent knowledge of MS Office suite

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 26 December 2019:


1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Senior Civil Engineer, Ref: SCE/D/Dec/19)

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/17 ژمارە (5894)
خەبات

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1983:
لە مارکێتێکی شاری لەندەن سوپای کۆماریی ئێرلەندی کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام دا و لە ئەنجامدا 10کەس کوژران.



ساڵی 1992:
بە مەبەستی شکاندنی ئابلۆقەی سربەکان لەسەر پایتەختەکەیان، بۆسنیەکان تونێلێکیان لەژێر فڕۆکەخانەی سەراییڤۆ لێدا.



ساڵی 2010:
وەک ناڕەزایی بەرامبەر حکوومەتی تونس ، کەسێک بەناوی محەمەد بوعزیزی لە ویلایەتی سیدی بوزیدی تونس خۆی سوتاند .



ساڵی 2013:
بۆ جاری سێیەم ئەنجیلا میرکل بۆ پۆستی راوێژکاری ئەڵمانیا هەڵبژێردرایەوە .



ساڵی 2014:
دوای 50 ساڵ ، ئەمەریکا و کوبا پەیوەندیەکانی نێوانیان وەگەڕ خستەوە .



ساڵی 2016:
لە شاری قەیسەری تورکیا تەقینەوەیەک رووید‌ا و لە ئەنجامدا 14 سەرباز کوژران و 55ی دیکە بریندار بوون .





کیفاح مەحمود کەریم

پێدەچێت میژوو سەرلەنوێ قسەی خۆی دووبارە کاتەوە، یا بۆ بەدی هێنانی هەمان ئەو ئامانجانەی تا ئێستا هەر ماونەتەوە ڕەفتارەکەی دووبارە بکاتەوە، وەک ئیدوار گالیانۆی نووسەری ئۆرگوانی گوتەنی: (میژوو نالێت مالئاوا، بەڵکو دەڵێت دواتر دەتانبینمەوە)، ئەم وتەیە بە ڕوونی لەو خۆپیشاندانە مەزنە خۆڕسکە چاونەترسانە دەردەکەوێت کە لە گۆڕەپانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە بەغدای پایتەختەوە بەڕێوەدەچێت.

لە نێوەندی شیعەکاندا، چینی دەسەڵاتدار کە بانگەشەی بەدیهێنانی ویست و ئارەزووەکانیان دەکات و خۆی بەدەربڕی ئەو زوڵمە دەزانێت کە ڕووبەڕووی شیعەکان بۆتەوە، دوای پانزە ساڵ لە حوکمڕانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەربازی بە ناوی مەزهەبگەری ، ڕووبەڕووی خۆپیشاندانێکی مێژوویی دەگمەن هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە سەر دەستی بەریتانیاو فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیان لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەگەمی جیهانی، بۆتەوە. ئەو بتانەیان تێکشکاند، کە بە شتی خورافیی بێ بنەما تەنیا وەک ئامرازێک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و بەدی هێنانی پاروویی حەرام، لە هزری خەڵک دروستیان کردبوو هەیبەتیان پێ بەخشیبوو.

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی ناڕەزایی چاکسازی لە عێراق لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری رابردوو، حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان بە تایبەتیش ئایینیی و پاشماوەکانی هێزە شمولیی و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان، سەرقاڵی داهێنانی ئامرازێکن بۆ دزەکردن و سواربوونی سەر شەپۆلی خۆپیشاندانەکان تا بتوانن لە ناوەوە بیگۆڕن و کۆنترۆڵی بکەن، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەشیان سەرجەم دەزگای ڕاگەیاندن و بڵندگۆ و زۆرنا ژەنەکانی خۆیان خستەگەڕ، کەوتوونەتە بانگەشەی ئەوەی کە بەڵێ ئەوانیش هەڵگری هەمان پەیامی چاکسازیی و داوە ڕەواکانی خۆپیشاندەرانن، بەڵام کە زانیان ئەم هەوڵەیان شکستی هێناو نەیانتوانی خۆیان وەک نوێنەری ئەوان نیشان بدەن، ئەمجارە لەسەر باڵەخانە بەرزەکان خۆیان لە پشت تفەنگی نیشان شکێن حەشاردا‌و بۆ هەپروون کردنی مێشکی کوڕو کچە نارازییەکان و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن تیایاندا تا دەست لە خۆپیشاندانەکانیان بەردەن. بەڵام سەرکردەی حزبەکان و بەرپرسە ئەمنییەکان ئەم پیلانەشیان بۆ نەچووە سەر وەک ئەوان بە ئاواتی بوون لە کیمکردنەوەی وڕەی خۆپیشاندەران شکستیان هێنا ، خۆپیشاندەران نەک هەر بە شێوەیەکی شارستانییانە بەڵکو ئاشتیانە لەسەر بەدیهێنانی داواکارییەکانیان بەردەوام بوون. پشتیان بە وێنەکێشان و گۆرانی گوتن و کۆڕی شیعر و هەڵمەتی پاککردنەوەی شەقام و کۆڵان و ژێر پردەکان کرد، بەم کارانەشیان کەسانی بێ لایەنیشیان سەرسام کرد تا بچنە ریزی خۆپیشاندانە نەرمونیانەکەیان.

سەرەڕای ئەوەی لە کوشتارخانەکانی ناسریە و نەجەف سەدەها کۆژراو و بریندار لە ریزی خۆپیشاندەران کەوتەوە، هەروەها ناردن و دزەکردنی چەندەها کەسی تێکدەر بۆ نێو ریزی خۆپیشاندەران بەمەبەستی بەلاڕێ بردنی ئامانج و داواکارییەکانیان ، بەڵام لە هەوڵەکانیان سەرنەکەوتن و خۆپیشاندەران لە سەر ڕێڕەوی ئاشتیانەی خۆیان دوور لە تووندوتیژی بەردەوام بوون هیچ دژە کردەوەیەکیان بەرامبەریان ئەنجام نەدا. ئەمەش وایکرد ئەوانەی لە هەڵمەتەکانی فورات و باشوورو بەغدا خۆپیشاندەرانیان کردە ئامانج، پەنا بۆ گرتنەبەری میکانزمێکی بەر لە چارەگە سەدەیەک لەمەوبەر ببەن، تا بکارێن خۆیان بخزێننە نێو پاکترین خۆپیشاندان کە تابلۆیەکیان بەجوانترین شێوە کێشا تیایدا ڕەنگی خوێنیان تێکەل بە فرمێسکی چاوی ئەوانەی خوشەویستێکیان لەو خۆپیشاندانە دەست داوە، لەگەڵ ڕەنگی ڕازاندنەوەی شەقام و ژێرپردە تاریکەکانی بەغدا، وەک دەربڕینێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو شێوە ژیانەی حزبە تاریکپەرستەکان بەسەریاندا سەپاندوون، ئەوانەی پەیامە جوانەکانی ئایین و مەزهەبیان شێواندو کردویانە بە دوکانی سیاسی.

کاتێ لە 8ی شوباتی 1963 کودەتا بەسەر زەعیم عەبدولکەریم قاسم و کۆمارەکەی کرا، زەعیم لە بارەگای خۆی بوو لە نێو سەرکردە بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن و لەناوی بەرن، ئەوەی پێش چەند ڕۆژێک ڕوویدا، جەخت لەوە دەکاتەوە هێزە باڵادەستەکانی کورسی دەسەڵات، لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە حوکمی شمولی و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، دوای ڕمانی دیواری ترس لە دڵی خۆپیشاندەران، نەمانی ئەو پیرۆزییەی کەگەندەڵکارو دواکەوتووەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات دروستیان کردبوو ، بە هەڵم بوونی بانگەشەی ئەوانەی گوایە بەناوی جێبەجێ کردنی فەرمانی خواو بریکارەکانی خواوە لەسەر زەوی حوکم دەکەن، ئێستا بە نیازن هەمان ئەو شێوازەی بکەنە نێو لانەی کودەتاچییەکان لە کودەتای شوباتی ساڵی 1963 بەکاریان هێنا دووبارە بکەنەوە.

ئەگەر خۆپیشاندەکان کە خەریکە گۆڕانکاری ئاسۆیی لەرووی کۆمەڵایەتی و ستوونی لە ڕووی سیاسییەوە لێبکەوێتەوە، نەک تەنها بۆ ڕووخاندنی پڕۆژە سیاسییەکەی، بەڵکو بۆ دوورخستنەوەی حزبە ئایینییەکان و پەیڕەویان لە حوکمڕانی و سیاسەتدا، هەروەها جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی شارستانیانە لەژێر چەتری یاسا و هاوواڵاتی بوونداِ.

و: خالید گەردی



ئیوارەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سەرمایەداری لوبنانی، سەمیر خەتیب دوای کۆبوونەوە و دیداری لەگەڵ موفتی لوبنان، شێخ عەبدوللەتیف دریان، کشانەوەی خۆی لە کێبڕکێی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی حکوومەت ڕاگەیاند. خەتیب کە دیارترین کەسایەتی بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی:" لە میانی کۆبوونەوە و دیدارم لەگەڵ بەڕێزیان(موفتی لوبنان)، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لەئەنجامی کۆبوونەوە و دیدار و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکانی پێکهاتەی (سوننە) ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی سەعد حەریری کراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ". لەدوای ڕاگەیاندنەکەی خەتیب، دەستەی ڕێکخەرانی شۆڕش لە لوبنان، سەرلەنوێ کاندیدکردنەوەی سەعد حەریری - یان بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی نوێ ڕەتکردەوە، جەختیان لەوەشکردەوە کە بەشێوەیەکی گشتیی ڕەتی دەکەنەوە سەرۆکی حکوومەت لەناوخۆی سیستمی سیاسی ئێستای وڵاتەکەدا بێت. دەستەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، ڕاسپاردنەوەی سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەر، سەعدی حەریری بۆ پێکهێنانەوەی حکوومەت لەلایەن خانەی فەتواوە ڕەتکردەوە، ئەوان داوایانکرد حکوومەتێکی ڕاگووزەر پێکبهێندرێت و دەسەڵاتی یاسادان بدرێتە دەست ئەو حکوومەتە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئێستای کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و ژینگەیی، هەروەها ڕێگریکردن لە هەرەسهێنانی زیاتری ئابووریی و دارایی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکە. دەستەی ڕێکخەرانی شۆڕش داوا لە گەلی لوبنانی دەکات بەبەشداریکردنیان بەشێوەیەکی کاریگەر لە شۆڕش لە هەموو گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان لە وڵاتەکەدا. بەم گۆڕانکارییە نوێیەش، پڕۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا ، لەکاتێکدا پێشتر سەعد حەریری ڕایگەیاندبوو کە خۆی کاندید ناکاتەوە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکوومەت، ئەوەش وەک مکوورپبونی حەریری بۆ پێکهاتنی حکوومەتێکی تەکنۆکرات، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ داوای خۆپیشاندەران. لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو ، خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دژی پلانێکی حکوومەتی وڵاتەکە بۆ زیادکردنی ڕێژەی باج سەری هەڵدا و تائێستا بەردەوامی هەیە. بەهۆی گوشاری خۆپیشاندانەکانەوە، لە کۆتایی هەمان مانگدا سەرۆکوەزیران، سەعد حەریری ناچار بوو دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستی سەرۆکوەزیران ڕابگەیەنێت.

لە 2011ەوە تاکو ئێستا 10 حکوومەت لە تونس پێکهێندراون



لەوەتەی لە 14 کانونی دووەمی 2011، دەسەلاتی سەرۆکی تونس، زەینەلعابدین بن عەلی ڕووخاوە، 10 حکوومەت لە وڵاتە پێکهێندراوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

- دوو حکوومەت لە مانگەکانی کانونی دووەم و شوباتی 2011، بە سەرۆکایەتی محەمەد ئەلغەنووشی، کە لە سەردەمی بن عەلی لە نێوان 1989و کانونی دووەمی 2011، سەرۆکایەتی حکوومەتی کردووە.

- حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی، ئەلباجی قائید ئەلسەبسی، لەنێوان سەرەتای ئاداری 2011و دوادواییەکەی هەمان ساڵدا.

- حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی، ئەندازیار حەمادی ئەلجەبەلی، سکرتێری پێشووی (بزوتنەوەی نەهزە) لە نێوان دوادواییەکەی 2011و ئاداری 2013دا.

- حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی، ئەندازیار عەلی ئەلعەریز، سەرکردە لە (بزوتنەوەی نەهزە) و وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتەکەی حەمادی ئەلجەبەلی، کە لە نیسانی 2013تاکو کانونی دووەمی 2014 بەردەوام بوو.

- حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی، ئەندازیاری سەربەخۆ ئەلحەبیب ئەلسەید، لە ساڵی 2015و نیوەی یەکەمی ساڵی 2016، کە زۆربەی ئەندامەکانی لە پارتی (نیدای تونس)، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەڵبژێردراو، ئەلباجی قائید ئەلسەبسی بوون.

- دوو حکوومەت بە سەرۆکایەتی، سەرکردە لە پارتی(نیدای تونس)، ئەندازیار ئەلفلاحی یوسف ئەلشاهید، لە هاوینی ساڵی 2016 بۆ دوادواییەکەی ساڵی 2019، کە لە حکوومەتەکەی ئەلحەبیب ئەلسەید، بریکاری وەزیری جووتیاران و پاشان وەزیری گەشەپێدانی خۆمالّی و شارەوانییەکان بوو.



پلانی حکوومەتەکەی، ئەلحەبیب ئەلجەمەلی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری و ستراتیژیەتی ئابووری چییە؟

چەندین لایەنی سیاسیی، سەندیکایی و کەسایەتی نیشتمانپەروەر، بە سەرۆکی حکوومەت، ئەلحەبیب ئەلجەمەلیشەوە، داوای پشت بەستن بە ستراتیژیەتی ئابووری دەکەن، کە پێشنۆرە بە ئابووری هاوکاری و کۆمەڵایەتی بەخشێت.

سیماکانی پلانەکە چین؟

بەگوێرەی سەرچاوە نزیکەکان لە سەرۆکی حکوومەتی ڕاسپێردراودا، پلانە پێشبینیکراوەکە بە تایبەتی پشت بە دامودەزگاکانی ئابووری هاوکاری و کۆمەڵایەتی دەبەستێت، ئەوەی ئەو جۆرە شێوازانە وەردەگرێت:

هاریکارییەکان: ئەوەی کۆمەڵێک کەسی ئاسایی، بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ئەو مەترسییانەی، کە بە سروشتی مرۆڤەوە نووساون، بە سیفەتی تەواکاریی بۆ سیستمەکانی یاسایی بیمەی کۆمەڵایەتی، چاودێری تەندروستی،پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یارمەتیدەر، لە چوارچێوەی هاوکاری و هاریکاری بۆ سوودبەخشین بە بەشداربووەکان، بە تایبەتی شایستەکان دایدەهێنن.

کۆمپانیاکانی دڵنیایی خاوەن مۆرکی هاریکاریی: چەند کۆمپانیایەکی مەدەنین، گرنتی بە بەشداربووەکان دەدەن، قەرەبووی هەموو زیانێکیان بکەنەوە کە لە ئاکامی ڕووداو و کارەسات بەسەریان دێت، لە هەمبەر دانی بیمەی بەشداربوون، لەگەڵ دابەشکردنی زیادەی داهاتەکان، بەسەر بەشداربووەکانی، بە گوێرەی ئەو مەرجانەی لە سیستمە سیاسییەکەیدا هاتووە، یان پارە بەو پرۆژانە بدەن، کە لە چوارچێوەی ئابووری هاریکاریی و کۆمەڵایەتی دان.

* کۆمپانیا هاریکارییەکان بۆ خزمەتگوزاری جووتیاران: چەند کۆمپانیایەکی خاوەن سەرمایە و بەشداربوونی نا جێگیرن، لە کەرتی پەیوەست بە جووتیاران و ڕاوکردنی دەریایی چالاکن، مەبەستیان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە بە بەشداربووەکان، وەکو ئاسانکاریی بۆ جووتیاران و باشترکردنی بەرهەمەکان.

* هاودژەکان: چەند کۆمپانیایەکی خاوەن سەرمایە و بەشداربووی نا جێگیرن، لە دەریایی: مەبەست لێی دابینکردنی پێداویستییەکانی خاوەن مۆلک و بەکارهێنەرانی جووتیاران و ڕاوکەرانی دەریایین، لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئەو خزمەتگوزاریانەی پەیوەستن بە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، گۆڕین، دروستکردن، بازارگانیکردن و ڕێنیشاندانیان بۆ سەرکەوتووترین ڕێگە، بۆ باشترکردنی بەرهەمەکان و ئەنجامدانی کارە پەیوەستەکان بەو کەرتەوە.

* دامودەزگاکانی کاری کۆمەڵایەتی: ئەو دامودەزگایانەن، کە تەنیا لە بواری کاری کۆمەڵایەتییەوە کار دەکەن، بۆ سوود گەیاندن بە چینەکانی کۆمەڵایەتی خاوەن پێداویستی تایبەت.

چەندین کەرتی دیکە لە نێو ئەو سیستەمەدا کاران لەوانە:

= دامەزگاکانی کەرتی گشتی.

= دامودەزگا چالاکەکان لە بازاری سەرمایەداریدا.

= ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆمالّی.

= پارەبەخشانی نێودەوڵەتی.

= سەندیکاکانی کرێکاران و ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی بێکارەکان دەکەن.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.aawsat.com

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
بەهۆی سیخوڕیکردنیان لەسەر دوو پێگەی سەربازی گرنگ لە ڤرجینیا ، واشنتۆن بە نهێنی دوو بەرپرسی بالیۆزخانەی چینی دەرکرد .



ئیلاف :
سەرۆکی بەرازیل ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەنجامەکانی کۆنگرەی کەشوهەوا لە مەدرید دەبڕی .



ئەی ئێف پی:
لە باکوری مەکسیک گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کە 50 تەرمی لەخۆ گرتبوو .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
جیرمی کۆربینی سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا داوای لێبوردنی کرد بەرامبەر بەو شکستە گەورەیەی لە هەڵبژاردنی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەریتانیا ڕووبەڕووی بوەوە.




ڕۆیتەرز:
سەندیکای کرێکارانی فەرەنسا هەڕەشەی کرد لەوەی ئەگەر حکوومەت بە سیاسەتی موچەی کرێکاراندا نەچێتەوە ، خۆپیشاندانی زیاتر ئەنجام دەدەن .



کەنالی ئار تی :
لە یەکێک لە گوندەکانی کۆنگۆی دیموکرات ژمارەیەک چەکدار هێرشیان کردە سەر خەڵک و 22 کەسیان کوشت .

دوو جۆر کەڕوو هەنگ لە فەوتان دەپارێزن



لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کۆڤارێکی بەناوبانگ بلاوکرایەوە دەردەکەوێت کە تێکەڵەیەکی لە کەڕوو وەرگیراو یارمەتی هەنگ دەدات بۆ دەربازبوون لە مەترسیی ڤایرۆسێکی کوشندە کە هۆکارە بۆ مردنی هەنگ بە ڕێژەیەکی بەرز لەم ساڵانەی دواییدا.

ئەم لێکۆڵینەوە تازەیە لە لایان دوو توێژەری ویلایەتی واشنتن ئەنجام درا بە هاوکار وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکا و یەکێ لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کشتوکاڵ.

لەم ساڵانەی دواییدا هەنگ بە ژمارەیەکی زۆر دەمرێت و لەناو دەچێت بەهۆی نەخۆشییەک کە بە (وێرانبوونی کۆمەڵەی هەنگ) ناسراوە یەکێ لە هۆکارەکانی مردنەکە بۆ پندی ڤارۆا دەگەڕێتەوە، کە پندێکە دڕێژییەکەی 8 ملم و هێرش دەکاتە سەر هەنگ لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا، بە جەستەی هەنگ دەلکێت و لەسەری دەلەوەڕێت بەهۆیەوە ڤایرۆسی ترشیی ئەمینی رایبی کوشندە دەگوازرێتەوە. توێژەران دوای پێدانی دوو جۆرە کەڕوو بەو پووڕە هەنگانە بینیان کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ژمارەی ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە کەم دەبێتەوە.

یەکێ لە توێژەران بە ناوی (ستیڤ شیبارد) کە مامۆستای زانستی مێرووەکانە لە زانکۆی WSU دەڵێ: هیوادارم ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە ببێتە شتێکی رابردوو.

بەداخەوە تاکو ئێستا گیراوەی ئەو دوو کەڕووە بە بڕێکی زۆر بەردەست نییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان دابەش بکرێت، بەڵام تاقیگەی ئامادەکاری ئەم گیراوەیە دەڵێت: لە هەوڵی ئەوە داین کە بەرهەم زیاد بکەین.

سوودە شاراوەکانی سەوزە گەڵاییەکان




شارەزای خۆراکی ئەڵمانی (هاراک زایتس) دەڵێ: سەوزە گەڵا سەوزەکان وەک سپێناخ و کەلەڕەم و کاهوو (خاس) و کەرەوز سوودی تەندروستی زۆریان هەیە، تۆخمە خۆراکییەکان بۆ جەستە دابین دەکەن و بەرگری بەهێز دەکەن و کێش کەم دەکەنەوە و شێوەی جەستە ڕێک دەکەن.

(زایتس) ئاشکرایدەکات کە سەوزە گەڵا سەوزەکان بە گەنجینەی تۆخم و ڤیتامینەکان دادەندرێت و دەوڵەمەندن بە ئاسن و ڤیتامین C کە هاوکارە بۆ بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری، هەروەها کۆمەڵەی ڤیتامین Bیان تێدایە کە گرنگن بۆ تەندروستی دەمارەکان.

سەوزەواتە گەڵا سەوزەکان بەوە ناسراون کە یەکەی گەرمی و ڕۆنییان کەمە، لە هەمانکاتدا دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵی خۆراکی کە کاریگەرییان لەسەر چالاککردنی کەداری زیاترە.

هەرسکردن هەیە و کارەکات بۆ ڕێکخستنی ئاستی شەکرە خوێن و هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی درێژ دەبەخشێت کە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی کێش و هەستکردن بە تەندروستییەکی باش و هەبوونی لەشولارێکی ڕێک. ڕەنگی سەوز بۆ هەبوونی ماددەی کلۆرۆفیل دەگەڕێتەوە کە کاریگەری دژە ئۆکسینی هەیە لە هەمانکاتدا ژەهرەکانی جەستە دەردەکات، وێڕای کاریگەری وەک ڕێگر لە هەوکردن ئەوەش بە گوێرەی دەزگای هەواڵی ئەڵمانیا، سەوزەواتە گەڵاییەکان ماددەیەکی تاڵیان تێدایە کە کرداری هەرس چالاک دەکات و هانی میزکردن دەدات و ناهێڵێت شلە لە جەستەدا کۆبێتەوە. هەر چەند زیاتر گەڵاکان سەوزتر بن ئەوە ڕێژەی تۆخم و ڤیتامینەکان زیاترە.

ڤیتامین D و سوودە تەندروستیی و دەروونییەکانی



ڤیتامین D هۆکارە بۆ بەهێزبوونی ئێسک وپاراستنی جەستە لە ژمارەیەک لە نەخۆشیی، بەڵام ئاستی ئەو ڤیتامینە کە جەستە بەدەستی دێنێت لە ڕێگای بەرکەوتنی تیشکی خۆرەوە لە وەرزی زستاندا کەم دەبێتەوە.

پرۆفیسۆر (ئەندریاس بفایفەر) سەرۆکی بەشی ڕژێنەکان و نەخۆشیی شەکرە لە نەخۆشخانەی (شاریتێ) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ڕایدەگەینێت، ڤیتامین D بە چارەسەرێکی گرنگ دادەندرێت بۆ بەهێزکردنی بەرگری جەستە و باشکردنی بارودۆخی دەروونی و مرۆڤ لە خەمۆکی دەپارێزێت و دووری دەخاتەوە لە بێهێزی ئێسک و نەخۆشییەکانی شەکرە و شێرپەنجە. ئەو ماددەیە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە دۆزراوەتەوە.

ڤیتامین D بە یەکێ لە هۆرمۆنەکان دادەندرێت چونکە جەستە دروستی دەکات دوای بەرکەوتنی تیشکی خۆر. (بفایفەر) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ڤیتامینە لە ڕووی پێکهاتەیەوە بە هەردوو هۆرمۆنی ئەستۆجێن و تستۆستیرۆن بەستراوەتەوە. ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی تازە لەدایک بوو پزیشکەکان ڕێنوێنی پێدانی ئەو ڤیتامینە دەکەن. جەستە پێویستی بەم ڤیتامینە هەیە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هەڵمژینی کالیسیۆم لە خۆراک لە ڕێگای ریخۆڵەکاندا.

ئەگەر ڤیتامین D کەم بوو لە جەستەدا ئەوە چالاکی ڕژێنی دەرقی زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بێهێزی ئێسک. پزیشکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە ڤیتامین D لە سەرچاوە سروشتییەکەی وەر بگیرێت بە بەرکەوتنی تیشکی خۆر بۆ ماوەی 5 تاکو 25 خولەک لە ڕۆژێکدا، لەگەڵ ئەوەش ئەوانەی کەمتر تیشکی خۆریان بەردەکەوێت پێویستە لە ڕێگای تەواکەرە خۆراکییەکان ئەو ڤیتامینە وەربگرن.

لە ڕوسیا فیڵ لە مانگا دەکرێت بۆ زیادکردنی بەرهەمی شیر





لە داهێنانێکی سەرسوڕهێنەردا، جوتیارانی وڵاتی ڕووسیا تاقیکردنەوەیەک لەسەر مانگا ئەنجام دەدەن کە بریتییە لە بەکارهێنانی چاویلکەیەکی تایبەت کە وێنەیەکی دیمەنی دیاریکراو نیشانی چاوی مانگاکان دەدات، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو کرداڕە سوودی بۆ مانگاکان و خاوەنەکانیان دەبێت.

بە پێی هەواڵێکی تۆڕی (فۆکس نیوز)ی ئەمەریکی، جوتیاران بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە هەستێکی جوان و ئارام بە مانگاکان دەبەخشن بەوەش باری دەروونی و تەندروستییان باشتر دەبێت و بەهەمی شیریان زیاد دەکات.

ئەو چاویلکانەی کە بەکار دێت جیاوازە لەوەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بەهۆی شێوەی سەری مانگاکان، لە ڕێگایەوە ئەژدەلەکە دەتوانێت دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێش ببینێت کە پێکدێت لە کێڵگەی کراوەی سەوز.

بە گوێرەی وەزارەتی کشتوکاڵ و خۆراکی ڕوسیا، ئەو چاویلکانە هۆیەکە بۆ کەمکردنەوەی تێکڕای دڵەڕاوکێی ئەو ئاژەڵانە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات (چاویلکەی دیمەنی دیاریکراوە) لە وڵاتی هۆڵەندا پەرەی پێدراوە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی توێژینەوەدا بە بیرۆکەی ئەوەی کە بارودۆخی ژینگەیی ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر تەندروستیی و جۆری شیری ڕەشەوڵاخ هەبێت.

لەم توێژینەویەدا ئاماژە بە بڕی زیاد بوونی شیرەکە ناکات، توێژەران دەڵێن ئەو بابەتە لە توێژینەوەکانی ئایندەدا کاری لەسەر دەکرێت.

سوودەکانی گوڵە بەیبوون



گوڵە بەیبوون یان گوڵە حاجیلە گیایەکی دەوڵەمەندە بە تۆخمە خۆراکییە گرنگەکان بۆ جەستەی مرۆڤ. بە پێی مالپەڕی (Medical News Today) گوڵە بەیبوون گرنگە بۆ تەندروستیی و چەندین سوودی بۆ جەستەی مرۆڤ دەبێت وەک:

یەکەم: گیراوەی گوڵە بەیبوون دروستی کۆئەندامی هەرس دەپارێزێت و ئەگەری توشبوون بە کێشە تەندروستییەکان کەم دەکاتەوە وەک ڕەوانی و قەبزی یان توشبوون بە برینەکانی گەدە و توشبوون بە بەکتریای زیان بەخش بۆ گەدە و ریخۆڵەکان، لە هەمانکاتدا دەرفەتی توشبوون بە ترشبونی گەدە کەم دەکاتەوە.

دووەم: تا ڕادەیەکی زۆر تەندروستی دڵ دەپارێزێت و ڕێگا نادات خوێنبەرەکان بگیرێن یان دەمارەکانی گواستنەوەی خوێن بگیرێن و مرۆڤ لە ئەنجامدا دووچاری جەڵدەی دڵ بێت بۆیە خواردنەوەی گیراوەی بەیبوون جەستە لە مەترسیی نەخۆشییەکان پارێزراو دەکات.

سێیەم: دەرفەتی توشبوون بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکری خوێن کەمدەکاتەوە، یەکێ لەو گیایانەیە کە لەم بوارەدا کاریگەری گەورەیان هەیە.

چوارەم: یەکێ لە سوودەکانی گوڵە بەیبوون ڕێککخستنی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و ڕێگاگرتن لە بەرزبوونەوەی ڕێژەکەیەتی لە خوێندا.

پێنجەم: بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە دژە ئۆکسینەکان لە بەیبووندا هەیە بۆیە بە یەکێ لەو ڕووەکانە دادنرێت کە ڕێگری لە سەرهەڵدانی نەخۆشیی شێرپەنجە دەکات بۆیە پێویستە گیراوەی بەیبوون ڕۆژانە بخورێتەوە.

شەشەم: خواردنەوەی گیراوەی گوڵی بەیبوون هۆکارە بۆ خەتن بۆ ماوەیەکی درێژ و دووچاری خەو زڕاندن نەبوون.

حەوتەم: جەستە خاوێن دەکاتەوە و ڕێگری لە کەڵکەبوونی ژەهرەکان دەکات و جەستە لە ژەهرەکان دەرباز دەکات.

هەشتەم: یەکێ لە سوودەکانی گوڵە بەیبوون بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگریبە کە مرۆڤ لە نەخۆشییەکانی سەرما دەپارێزێت وەک ئەنفلەوەنزای بەهێز.

ئەمڕۆ لەخولی یانەپلەیەکەکانی کوردستاندا:

کۆپە بۆ گەیشتن بەپێشەنگ لەسەریەتی لە ئاڵتون کۆپری ببات‌ەوە



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەمڕۆ سێشەممە لەیارییەکانی گەڕی چوارەمی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکەکانی کوردستان ، شەش یاری گرینگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەیاریگای یانەی ئاسۆ،هەردوو یانەی ئاسۆ و هەڵەبجەی شەهید ڕووبەرووی یەکترد‌ەبنەوە، ئاسۆ لەیاریەی ئەمڕۆدا دەیەوێت سەرکەوت تۆمار بکات و 3 خاڵی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆی دەستەبەربکات، بەتایبەتی یانەی ئاسۆ ئەگەر لەم یارییەدا براوە بێت، ئەوا چەند هەنگاوێک لەپلەکانی ناوەراستدا دەچێتە پێشەوە، ئەم وەرزە ئاسۆ بۆ گەیشتن بەرێزی یانە پلەنایابەکان بەشداری خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستانی کردبوو، بەڵام واپێدەچێت ئاست و توانانی تیپەکە بەوشێوەیە نەبێت کە توانای دەستەبەرکردنی پلیتی سەرکەوتن بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی هەبێت، ئەگەرچی تۆپی پێی تاکۆتایی وەرزی خولەکە هیچ پێشبینیەک نادرێت، چونکە یانە هەیە لەسەرەتادا بەهێز دەردەکەوێت، بەڵام لەقۆناخەکانی ناوەراست و کۆتایی خولەکە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و هەنگاو بەرەو دواوە دەهاوێژێت.

هەر ئەمڕۆش ئەم یاریانە ئەنجام دەدرێت:

شەقلاوە *ڕزگاری

ئاکرێ *هەڵۆ

ئاشتی *خانەقین

سەید سادق *خاک

یانەی چەمچەماڵ چاوەڕوانە



سەرۆکی بەڕازیل هاندەری ئەو یانەیەیە

بەهۆی کارل مارکسەوە یانەی پالمێراس هاندەرێکی خۆی دەردەکات

یانەی پالمێراس لەکاتی یاریەکەیان بەرامبەر یانەی فلامینگۆ لە خولی بەرازیلی هاندەرێکی خۆیان لەناو یاریگا دەردەکەن، ئەویش دوای ئەوەی ئەو هاندەرە لەناو یاریگا کتێبێکی کارل مارکسی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی خوێندۆتەوە.

ئیدیلسۆنی تەمەن 67 ساڵ لە نیوان هەردوو گیمی یاریەکەدا لەڕێگای پۆلیسی یاریگاوە دەردەکریتە دەرەوەی یاریگا بەوبیانووەی کە ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو هاندەرە بووەتە مایەی بێزاری ژمارەیەک هاندەری دەوراوپشتی.

لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی یانەی پالمیراسیش، ئیدیلسۆن کە کتێبی کارل مارکسی لەناو یاریگا خوێندەوە بۆ ئەوە گێڕایەوە کە جارێڕ بۆلسونارۆی سەرۆکی بەڕازیل سیاسیەتی یەمینی پەیڕەو دەکات و ئەویش هاندەریکی ئەو یانەیە بۆیە منیان دەرکردە دەرەوە.



سبەی لیڤەرپوول بەرامبەر مۆنتیری مەکسیکی یاری دەکات

سۆڵین سلێمان

ئەستێرەی دیاری میسری محەمەد سەلاح کە یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی جیهان و خاوەن کەسایەتێیەکی بەناوبانگە، بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبیدا.

یانەی لیڤەرپوول لیستێکی 20 یاریزانی بردە قەتەر بۆ بەشداریکردن لە جامی یانەکانی جیهانی، کە سەلاح لە سەرووی لیس تەکەی کلۆپ دێت، لەگەڵ هەریەک لە یاریزانان ئەلیسۆنی بەرازیلی، سادیۆ مانی سەنیگالی، ڤان دایکی هۆڵەندی، بەڵام لەم لیستەدا تەنها لۆفرێنی کرواتی بەهۆی پێکانەوە نەیتوانی یاوەری لیڤەر بکات کە بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە یەکەم یاریی لەم مۆندیالەدا بەرامبەر یانەی مۆنتیری مەکسیکی یاری بکات.



مان سیتی

تورەیی خۆی بە ئەرسنال دەردەکات

یانەی مان سیتی هەڵگری نازناوی پێشوو، تورەیی خۆی بە یانەی ئەرسنال دەرکرد، کاتێک لە میانی یاریەکانی گەڕی 17ی خولی ئینگلیزی بە ئەنجامی 3-0 گۆڵ لێی بردەوە.

یانەی مان سیتی هەما ئەو ئاستەی پێشکەشکرد کە وەرزی ڕابردوو نازناوەکەی بردەوە، بەتایبەتیش ئاستبەرزی کیڤن دی برۆینی بەڵژیکی کە توانایان لەناو گۆڕەپانی تۆپچییەکان شکستێکی دیکە بەئەرسنال بگەیەنن، بەڵام سەرباری ئەو بردنەوەیەش هێشتا ئەو یانەیە بەجیاوازی 14خاڵ لەدواوەی لیڤەرپوولی پێشەنگەوە دێت.

جیمی ڤاردی

بەبێ ڕکابەر پێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی گرتووە

بەتەواوبوونی گەڕی 17ی خولی ئینگلیزی و هاوکات لە میانی ڕکابەرییەکانی یانەکان لە ئالوگۆڕی شوێنەکانیان لە ریزبەند، لەهەمان کاتیش هێرشبەرانی خولی ئینگلیزی کێبڕکێ لەسەر پێشەنگی گۆڵکاران دەکەن، بەڵام هەروەک چۆن لیڤەرپوول بەجیاوازییەکی زۆر پێشەنگی خولەکەی گرتووە، بەهەمان شێوەش جیمی ڤاردی هێرشبەری یانەی لیستەر سیتی بەبێ ڕکابەر پێشەنگی گۆڵکارانی گرتووە کە لە 17یاریدا توانیویەتی 16 گۆڵ تۆماربکات و نزیکترین ڕکابەریشی ئۆبامیانگ و ئەبراهام دێت کە ئەمانەی دوایی بە 11 گۆڵ لەپلەی دووەم دێن.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue.17. Dec. 2019 No: (5894)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بەم جۆرە دڵنیابەرەوە لە سەلامەتی ئیمەیڵەکەت لە هاککردن



وێبسایتێکی تایبەت بەماککردن بەر لەچەند رۆژێک ئاشکرایکردوە کەداتابەیسێکی زەبەلاح هاککراوە کە زیاتر لە ٧٧٢ ملیۆن ئیمەیڵ و ٢١ ملیۆن ووشەی نهێنی تێدابووە. گۆڤاری "وایەرد"ی ئەمریکی بڵاویکردۆتەوە کەداتاکانی هەزاران ئیمەیڵ و ووشەی نهێنی کۆکراوەتەوە و لەوێبسایتێکی نوێ بەناوی "HaveiBeenPwned" بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەمبارەیەوە وێبسایتی "ئێم ئێس ئێن" بڵاویکردۆتەوە کەئەمە گەورەترین دزەپێکردنی داتاکانە لەمێژووی ئینتەرنێتدا لەدوای ئەو جێرشەی شەش ساڵ لەمەوبەر ڕووبەڕووی یاوو بۆوە و کاریگەری لەسەر ٣ملیار بەکارهێنەر هەبوو.

ئێستا گەر بپرسین چۆن دڵنیا دەبیتەوە لەسەلامەتی ئیمەیڵەکەت؟ سەرەتا دەبێ بچیتە نێو وێبسایتی Have-veiBeenPwned و ئیمەیڵی تایبەت بەخۆت داخڵ بکەیت تا دڵنیابیتەوە لەسەلامەتی بوونی لەماککردن. پاش کردنەوەی وێبساتەکە و داخڵ کردنی ئیمەیڵەکەت لەو بەشەی کە دیاریکراوە، وێبسایتەکە دەریدەخات ئایا ماککراویت یان نا، ئەگەر ماک کرابێت ئەو داتایانەش دەخاتەروو کەماککراوە. هاوکات پێشنیار دەکرێ بۆ بەکارهێنەران کەلیستێکی جۆراوجۆر لەووشەی نهێنی ئاڵۆز بەکاربێنرێت کەماککردنی سەختە و تێناپەڕێنرێت. بۆ کردنەوەی وێبسایتەکەش دەتوانی سوود لەم لینکە وەربگریت:
https://haveibeenpwned.com

هونەرمەندی شانۆ عومەر قاچ بۆ (خەبات): هونەرمەند هەڵقوڵاوی راستی کۆمەڵگای خۆیەتی، لەسەر هونەرمەند پێویستە کۆمەڵگا بەرەو سەردەمێکی تازەو هاوچەرخ ببات



دیانە :پەریها عومەر

عومەر عەبدوڵڵا قاچ ، ناسراوە بە عومەر قاچ ، ساڵی **1962**لە شاری قەڵادزێ لەدایک بووە ، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قەڵادزی تەواو کردووە ، دواتر ئامادەیی بازرگانی سلێمانیی تەواو کردووە ، ساڵی **1997**بەشداری خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی کردووە لەو کاتەوە مامۆستایە، سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **1983** ئەوکاتە خوێندکاری ئامادەیی بازرگانی بووە،ساڵی **1992**ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە ، دوو کوڕی هەیە بە ناوی (ڕەنج و ڕۆژ) .. ئەمەو هونەرمەند لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی (خەبات) دا گوتی:

ـ چ هۆکارێک وای لێکردی کە دەست بە کاری هونەری بکەیت؟

حەزو خولیاو کاریگەری هونەر، بەسەر کۆمەڵگاوە وایلێکردم هونەرم خۆشبوێت و کاری هونەری ئەنجام بدەم ، چ وەک ڕۆڵ بینین چ وەک دەرهێنان و ئامادەکردن.

ـ ئایا لە ماوەی کارکردنت لە بواری هونەریدا چ شتێکی پێبەخشیوی؟

هەمیشە هونەر چێژ دەبەخشێتە مرۆڤ و کاریگەری لەسەر دادەنێت ،، جا خۆ ئەگەر مرۆڤ خۆی کاری هونەری ئەنجام بدات ئەوە کاریگەریەکەی هەمەلایەنەترو چێژی زیاتر دەبەخشێت ، چونکە پێویستە ئەو کەسەی کە ژیانی هونەری هەڵدەبژێرێت خۆی پەروەردە بکات لەو پسپۆرپەی کە هەڵیبژاردووە بۆ زیاتر گەشەکردنی هونەرو بیرو بۆچوونی سەردەمیانەو هاوچەرخانە. جگە لەوەش کارکردنم لە بواری هونەری شانۆدا ناوبانگی پێ بەخشیوم کە بۆ من جێی شانازیە.

ـ ئایا پێتوایە کارکردن لە مەجالی هونەریدا قورسە؟

کارکردن لە بواری هونەردا هەر لە وڵاتی ئێمەدا قورسە . چونکە لێرە کەس پیشە هونەر نییە، سەربارى کارى سەرەکى کارى هونەرى وەک سەربارو لەخۆشەویستى هونەر ئەنجامەدات ، ئەوە جگە لەوەى چەندین ئاستەنگى دیکە دێنە سەر ڕێگاى هونەرو هونەرمەندان.

پێویستە ئەو کەسەی کە ژیانی هونەری هەڵدەبژێرێت، خۆی پەروەردە بکات لەوپسپۆرپەی کە هەڵیبژاردووە

ـ ئەو ڕۆڵانەی کە تۆ بینیوتن لە بواری هونەریدا، ڕەنگدانەوەی واقعی خۆت هەبووە؟

ڕۆڵی زۆرم بینیوە ، زیاد لە 25کاری شانۆییدا بەشداریم کردووە ، لە 3 کورتە فیلم و 2زنجیرە دراما ڕۆڵم بینیوە کە یەکێکیان لە مانگی ڕەمەزانی ڕابردوودا لە کەناڵی سپێدە پەخشکرا بە ناوی (یوسف ناگەڕێتەوە) لە دەرهێنانی لوقمان غەریب ، کاری دەرهێنانم بۆ چەند شانۆیەک ئەنجامداوە و چەند دەقێکی شانۆشم ئامادە کردووە ، دەربارەی ئەوەی کە ئایا شانۆکان ڕەنگدانەوەی واقعی خۆم بوون ؟ دیارە دەبێت شانۆ ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگابێت و کەم و کورتی و شتەجوان و ناشیرنەکان بە شێوەی هونەری، پیشانی کۆمەڵگا بدات و دەبێ کاریگەریشی هەبێت لەسەر هزری تاکەکانی کۆمەڵگا ، دواجار هونەرمەند هەڵقوڵاوی واقعی کۆمەڵگەی خۆیەتی و لەسەر هونەرمەند پێویستە هەمیشە کۆمەڵگا بەرەو سەردەمێکی تازەو سەردەمیانەو هاوچەرخ ببات.



هەمزە سەرحان: خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ کۆمسای، بەم نزیکانە نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بڵاوەدەکاتەوە.ئەم کاتەت باش، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی کۆمسای دەبێت، لە ئێستادا پرۆمۆی ڤیدیۆ کلیپیەکەی بڵاوکردوەتەوە، رایگەیاند لە داهاتویەکی نزیکدا تەواوی ڤیدیۆ کلیپیەکەی لە پێگەی فەرمی خۆی لە یوتیوب بڵاوەدەکاتەوە.کۆمسای لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پرۆمۆی ئەم بەرهەمە نوێیەی رایگەیاند "لە مانگی هەشت تاوەکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی کوردستان بڵاوکردنەوەی ئەم کلیپەم راگرتوە، بەم زوانە پێشکەشی هەواداراکانمی دەکەم".کۆمسای سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامی خۆشترین دەنگ، یەکێک بو لە قوتابیەکانی هونەرمەند دیاری قەرەداغی و پێش قۆناغەکانی کۆتایی وازی لە پرۆگرامەکە هێنا ، لە ئێستادا خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە.